# هاوسەنگی نێوان دەق و وێنە لە سازاندنی هەواڵی تەلەڤزیۆنیدا

## هەواڵەکانی کاتژمێر (٨)ی هەردو کەناڵی (K24و NRT) بە نمونە

## شیکاری بەراوردکارییە

**پ.ی.د. یوهان حەمە حسێن[١] - شنە ئەحمەد ئەمین[٢]**

[١+٢] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (هاوسەنگی نێوان دەق و وێنە لە سازاندنی هەواڵی تەلەڤزیۆنیدا)یە و هەوڵدانێکە بە ئامانجی دەرخستنی بونی هاوسەنگی لەنێوان هەردو ڕەگەزی دەق و وێنە لە سازاندنی هەواڵی تەلەڤزیۆنی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، توێژەر دەیەوێت دەریبخات کەناڵەکان تا چ ڕادەیەک گرنگی بەبونی هاوسەنگی دەدەن لە پرۆسەی سازاندن لەکاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵ لە تەلەڤزیۆندا؟

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەرخستنی شێوازی دروستکردنی هاوسەنگی لەنێوان دەق و وێنە لە ژانرە هەواڵییەکان لەڕێگەی پرۆسەی سازاندن، توێژەر پشتی بە شێوازی وەسفی بەستوە و میتۆدی شیکاری ناوەڕۆکی بەکارهێناوە کە گونجاوە لەگەڵ توێژینەوەکەدا، هەریەک لە ئامرازەکانی تێبینیکردنی کەسی و چاوپێکەوتن و فۆڕمی شیکاری تیادا بەکارهێناوە، بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتاکان و زانیاری لەپێناو گەشتن بەسەرجەم ئەو ئامانجانەی کە مەبەستی سەرەکی توێژینەوەکەیە.

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتوە: کەناڵی (K24) ئەو هەواڵانەی کە ناوەڕۆکی (سیاسی، ئابوری، حزبی، حکومی، سەربازی، ژینگەیی و ئاینی) لەخۆدەگرێت هاوسەنگی لە نێوان دەق و وێنە بەدیدەکرێت، بەڵام کەناڵی (NRT) تەنها لەو هەواڵانەدا هاوسەنگی بەدیدەکرێت کە ناوەڕۆکی (حکومی، حزبی و ڕێکخراوەیی)ن، کەواتە لەم بوارەدا کەناڵی (K24) باشتر کاری کردوە بە بەراورد بە کەناڵی (NRT)، بەها بەیەکێک لە گرنگترین بنەماکانی بون بە هەواڵ دادەنرێت و لە هەردو کەناڵدا دەرکەوتوە ئەو زانیارییانەی کە هەنوکەیی و گرنگن زۆرترین کاری لەسەرکراوە و بەشێوازێکی ئاشکرا دەقە میدیاییەکان نوسراون، هەردو کەناڵ لەڕوی گۆشە و گرتە گرنگیان بەو وێنانە داوە کە هەنوکەین و سەرچاوەی جیاوازیان بەکارهێناوە، بەجۆرێک بە پلەی یەکەم پابەندبون بە بەکارهێنانی کارتێکەری (بڕین – Cut)، ئەمەش بە شێواز و بنەمایەکی گونجاو سەرەکی دادەنرێت لە پرۆسەی سازاندن لە ژانری هەواڵی تەلەڤزیۆنیدا.

**کلیلە وشەکان:** هاوسەنگی، دەق، وێنە، سازاندن، هەواڵی تەلەڤزیۆن.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(3).Paper23
**Received:** 21-Sep-2022
**Accepted:** 08-Nov-2022
**Published:** 29-Sep-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
Yohan.hama@univsul.edu.iq
Shna.amin@univsul.edu.iq
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

بەهۆی ئەو کاریگەرییە زۆرەی تەلەڤزیۆن هەیەتی لەسەر بینەر وەک ئامرازێکی تەقلیدی میدیایی بەبەراورد بە ئامرازەکانی دیکە، هەواڵ وەک ژانرێکی گرنگی بواری ڕۆژنامەوانی بە بنەمای کاری میدیا دادەنرێت لە ئاراستەکردنی ڕوداوە هەنوکەییەکان لەڕوی ناوەڕۆک و کەسایەتی، بەجۆرێک پەیامەکان پشت بە دەق و وێنەی ڕوداوەکان دەبەستن لە ڕێگەی هاوسەنگکردنی ئەم دو ڕەگەزە وەک بنەمایەکی بەهێز. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (هاوسەنگی نێوان دەق و وێنە لە سازاندنی هەواڵی تەلەڤزیۆنیدا)یە و، کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە زانینی ڕادەی گرنگی پێدانی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنە بە بونی هاوسەنگی لە نێوان دەق و وێنە لە سازاندنی هەواڵ لە ڕێگەی پرۆسەی بەرهەمهێنان، گرنگترین ئامانج کە توێژینەوەکەی لەسەر بنیاتنراوە بریتییە لە؛ دەرخستنی شێوازی دروستکردنی هاوسەنگی لەنێوان دەق و وێنە لە ژانرە هەواڵییەکان لەڕێگەی پرۆسەی سازاندنەوە، ئەم توێژینەوەیە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لەبواری ڕاگەیاندن بەگشتی و تەلەڤزیۆن بەتایبەتی لە ڕوی هونەری و نوسینەوە، توێژینەوەیەکە وەسفییە و میتۆدی شیکاری ناوەڕۆکی تیادا بەکارهێناوە بەئامانجی گەیشتن بەو ئەنجامانەی کە گرنگن بۆ توێژینەوەکە.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ باس پێکهاتوە؛ باسی یەکەم بریتییە لە میتۆدنامە و هەریەک لە (کێشە، گرنگی، ئامانج، شێواز و میتۆد، کۆمەڵگە و سامپڵ و کلیلی وشە) لەخۆدەگرێت، هەروەها باسی دوەمیش خۆی دەبینێتەوە لەلایەنی تیۆری و چەندین تەوەر لەخۆدەگرێت و باس لەهەریەک لە (دەق، هەواڵی تەلەڤزیۆن، وێنە، سازاندن و هاوسەنگی) نێوان ڕەگەزەکانی هەواڵ کراوە. لە باسی کۆتایدا توێژەر هەستاوە بەخستنەڕوی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە لەگەڵ خستنەڕوی گرنگترین ئەنجام دەرکەوتوە: کەناڵی (K24) ئەو هەواڵانەی کە ناوەڕۆکی (سیاسی، ئابوری، حزبی، حکومی، سەربازی، ژینگەیی و ئاینی) لەخۆدەگرێت هاوسەنگی لە نێوان دەق و وێنەی هەواڵ بەدیدەکرێت بەبڕی

جیاواز، بەڵام لە کەناڵی (NRT) تەنها لەو هەواڵانەدا هاوسەنگی بەدیدەکرێت کە ناوەڕۆکی (حکومی، حزبی و ڕێکخراوەیی)ن ئەمە ئەو ڕاستییە دەگەیەنێت کە ڕادەی بونی هاوسەنگی لەڕوی ناوەڕۆک لەلایەن کەناڵی (K24) زیاتر کار و گرنگی پێدراوە بە بەراورد بە کەناڵی (NRT) پاشان چەندین ڕاسپاردە و گرنگترین ئەو سەرچاوانە ئاماژەی پێکراوە کە بەکارهاتون.

## باسی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە

### یەکەم - کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە، زانینی ئاست و ڕادەی بونی هاوسەنگی لە نێوان دەق و وێنە لەکاری سازاندنی هەواڵ لە تەلەڤزیۆندا، ئایا ئەم هاوسەنگییە بەدیدەکرێت یاخود نا؟ لەبەرئەوەی پرۆسەی سازاندن واتە گونجاندن و دانانی هاوسەنگی لە نێوان وێنە و دەق بە پشت بەستن بە بنەما زانستییەکان و پاشان ئەنجامدانی بەشێوەیەکی لۆژیکی بە مەبەستی گەیاندنی پەیامەکانی میدیا لە ڕێگەی ئامرازە جیاوازاکان، ئەم کارەش لە ڕێگەی مۆنتێرەوە ئەنجامدەدرێت و پێویستی بە شارەزایی و سەلیقەی هونەری و ئەزمونی کەسی دەبێت، هەر بۆیە ئەو وێنانەی کە ڕۆڵیان دەبێت لە ئاڕاستەکردن و گەیاندنی پەیامەکاندا دەبێت تەواوکاری ئەو دەقانە بێت، کە ناوەڕۆکی هەواڵەکانی لە پێناویدا نوسراوە یان بۆی دەنوسرێت، چونکە هەمیشە دەق بە تەواوکار و ماناداری وێنە دادەنرێت.

### دووەم - گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم بوارانەدا خۆی دەبینێتەوە:-

١. گرنگی توێژینەوە بۆ کۆمەڵگە: ئەم توێژینەوەیە گرنگی بۆ کۆمەڵگە ئەوەیە دەبێتە ڕێنیشاندەرێک و سەرچاوەیەک بۆ ئەوەی کۆمەڵگە هۆشیار بکاتەوە بەرامبەر ئەو دەق و وێنانەی لەسازاندنی هەواڵەکاندا بەکاردەهێنرێت.
٢. گرنگی توێژینەوە بۆ بواری زانست: ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی و خزمەت بە خوێنەران و شارەزایانی بواری میدیا دەکات.
٣. گرنگی توێژینەوە بۆ بواری پسپۆری: دەبێتە سەرچاوەیەک بە مەبەستی دەرخستن و پیشاندانی گرنگی بونی هاوسەنگی لە نێوان دەق و وێنە لە بەرنامەی هەواڵی لە توێژینەوە زانستییە میدیاییەکاندا.

### سێیەم - ئامانجی توێژینەوەکە:

دەرخستنی شێوازی دروستکردنی هاوسەنگییە لەنێوان دەق و وێنە لە ژانرە هەواڵییەکاندا، بەئاگابون لە ئاستی پشت بەستنی کەناڵە هەواڵییەکان بە جۆرە جیاوازەکانی وێنەی تەلەڤزیۆنی لەڕوی گۆشە و گرتە و سەرچاوە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی گەشتی هەواڵ لە کەناڵە کوردییەکاندا و لەگەڵ زانینی جۆری ئەو دەقانەی کە هەواڵی پێدەنوسرێت.

### چوارەم - شێواز و میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لەڕوی جۆر و شێواز توێژینەوەیەکی وەسفییە، و میتۆدی شیکاری تیا بەکارهاتوە یەکێکە لەو شێواز و میتۆدانەی کە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لە توێژینەوە میدیاییەکان، لەو چوارچێوەیەشدا توێژەر وەسف و شیکاری بونی ڕادەی هاوسەنگی دەکات لە نێوان دەق و وێنە لە هەواڵی تەلەڤزیۆنیدا.

### پێنجەم - کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە هەواڵەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، و هەواڵەکانی کاتژمێر (٨)ی هەردو کەناڵی ئاسمانی (K24وNRT) وەک سامپڵ (نمونە) وەرگیراوە و لە جۆری هەرەمی بازنەییە.

### شەشەم – کلیلە وشە:

١. هاوسەنگی: دروستکردن و دانانی پەیوەندییە لە نێوان دەق و وێنە بەشێوەیەکی گونجاو، بە ئامانجی گەیاندنی پەیامێکی تەواو و بێکەموکوڕی میدیایی بە وەرگر.

٢. دەقی تەلەڤزیۆن: سەرجەم ئەو گوتار و بابەتانە دەگرێتەوە کە لە چوارچێوەی ژانرە ڕۆژنامەوانییەکاندا زانیاری دەدرێتە جەماوەر لەڕێگەی ئامرازە میدیاییە بینراوەکان لەکات و ساتی جیاواز لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی.

٣. وێنەی تەلەڤزیۆن: وێنەیەکی دەنگی بینراو و جوڵاوە، بە یارمەتی شاشەیەک بەشێوەی ڕەنگاوڕەنگ یان ڕەش و سپی، دیمەنی ڕوداوە جۆراوجۆرەکان لەڕوی گرتە و گۆشە و جوڵە ئاڕاستەی بینەر دەکرێت.

٤. سازاندن(مۆنتاژ): بریتییە لە پرۆسەی ڕێکخستن و گواستنەوە و هەڵبژاردنی دیمەن و گرتەکانی ڕوداوێک لە ڕێگەی بەرنامەیەکی تایبەت بە پرۆسەکە و لەلایەن کەسێکەوە ئەنجامدەدرێت بە ئامانجی دروستکردنی کاریگەری بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان ئاڕاستەی بینەر دەکرێت.

٥. هەواڵی تەلەڤزیۆن: سەرجەم ئەو ڕوداوانە دەگرێتەوە کە بەشێوەی مەیدانی یاخود لەناو ژوری هەواڵ لەلایەن هەواڵساز و پەیامنێرانەوە ئامادەکرێت و یاوەری دەکرێت لەگەڵ وێنە و پاشان ئاڕاستەی بینەر دەکرێت. ئەوەی هەواڵی تەلەڤزیۆن لە هەواڵی ئامرازەکانی دیکە جیادەکاتەوە زیندوییەکەیەتی بەهۆی وێنەی جوڵاو- ڤیدیۆ.

## باسی دوەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

### تەوەری یەکەم: دەق

### یەکەم – چەمک و پێناسەی دەق:

دەستەواژەیەکی سیمانتیکییە و پەیوەندی بەواتاوە هەیە نەک فۆرم، لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییە لە (Textus)ەوە وەرگیراوە بەمانای چنین (کەریم، ٢٠٠٩، ٢٠) و لە دەرهاویشتەی زمانی لاتینیدا(Textere) بە واتای

هەڵچنین (محمد،١٧،٢٠٠٧) دێت، ئەم دەستەواژەیە لە بەرامبەر(TEXT)ی ئینگلیزی (ثامر،٧١،١٩٩٤) و (النص)ی عەرەبی(بادیس،٣،٢٠١٧) بەکارهاتوە.

بەکورتی دەتوانرێت بوترێت دەق نمونەیەکی تەواو داماڵدراوە لە دەوروبەر و دەبێتە گوتارێکی بێ دەوروبەر، **دەق = گوتار – دەوروبەر**.(دزەیی،٩٣،٢٠٢١)

**(برینکەر– Brinker)** لە پێناسەی دەقدا دەڵێت: زنجیرەیەکی یەکانگیرە لەناو ڕستەیەکی تێکئالاودا، لەسەر بنەمای ئەم پێناسەیە، ڕستە بەتەنیا خۆی هیچ نییە جگە لە بەشێکی بچوک کە گوزارشت لە دەق دەکات، ڕستەش بەشێکە لە دەق، دەقیش بونیادێکی پڕ لە گرێوگۆڵە، بۆیە دەبێت پەیوەندی نێوان بەش و پێکهێنەرەکانی دەق ڕون بێت.(بخولة، ١٢،٢٠١٦)

**(محمد مفتاح)**یش دەربارەی پەیڤی دەق بۆچونی وایە: تۆمارکردنێکی ئاخاوتنە یان ڕوداوێکە بە جۆرێک لە هەر کات و سەردەمێکدا ڕوبدات خۆی دوبارە ناکاتەوە.(سمۆ و ئیبراهیم، ٢١،٢٠١٤)

## دوەم – پێکهاتەی دەق:

هەمو دەقێک لە ڕستەیەک یاخود چەند ڕستەیەک پێکدێت، یان لە ڕستە و فرێز و وشە پێکدێت، بەمەش دەق پێکهاتەیەکی پتەوی هەیە و دەکرێت بەسەر چەند بەشێکدا دابەشبکرێت لەوانە:– (ڕەسول، ٢١،٢٠١٣)

١. ناونیشان: یەکێکە لەڕەگەزە سەرەکی و گرنگەکانی نوسین و دەقی پێدەناسرێتەوە، خاڵی بەیەکگەیشتن و بەرکەوتنی دەق و خوێنەرە و دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە مەبەستی نوسەر بزانرێت.

٢. پێشەکی: خاڵی دەسپێک و چونە ژورەوەی هەمو بابەتێکە، کە تێیدا نوسەر کورتەیەکی گرنگ و پڕبایەخی بابەتەکە لەچەند دێڕێکدا دەخاتەڕو، لە زمانی ڕۆژنامەنوسیدا دەکرێت پێشەکی لەبڕگەیەک یان زیاتر پێکبێت و بیرۆکەی سەرەکی بابەتەکەی تێدا دەخرێتەڕو.(حسەین، ٨٥،٢٠٠٨)

٣. ناوەڕۆک: لەم بەشەدا زانیاریەکان بەشێوەیەکی ورد و فراوان و چڕ باسدەکرێن، بە تەواوکاری زانیارییەکانی پێشەکی و بەشی کۆتایی دادەنرێت.

٤. کۆتایی(ئەنجام): لێرەدا نوسەر لە ڕێگەی خستنەڕوی زانیاریەکان و پاشان شرۆڤەکردنیان دەگاتە چەند ئەنجامێک و لەکۆتایی دەقەکەدا ئاماژەی پێدەدرێت.(حسەین،١٠٤،٢٠٠٨)

## سێیەم - جۆرەکانی دەق:

دەربارەی جۆرەکانی دەق چەندین پۆلێنکاری جیاواز هەیە لەوانە:–

١. دەقی ڕونکردنەوەیی(النص التفسيري): دەقێکە تێیدا نوسەر بیرۆکەیەک پێشکەشی وەرگر دەکات، یان دیاردەیەکی بۆ ڕون دەکاتەوە بە پشت بەستن بە بەڵگەی تایبەت بە بیرۆکەکە.

٢. دەقی وەسفی(النص الوصفي): زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، لە بابەتەکانی تایبەت بە خوێندن و بابەتە مرۆییەکان.

٣. دەقی هەواڵی (النص الاخباري): ئەم جۆرە دەقە لە بوارەکانی (سروشتی کۆمەڵایەتی، سیاسی، زانستی و هونەری،... هتد)دا بەکاردێت، کە تێیدا نوسەر زانیارییەکانی پێشکەش دەکات بە لەبەرچاوگرتنی بێلایەنی و بەبەکارهێنانی زمانێکی سادە و دیاریکراو.(وەلی،٢٠٠٨،٦٦)

٤. دەقی دیالۆگ (النص الحواري): ئەم جۆرە دەقە ئامانجی ڕونکردنەوەی بابەتەکانە لە نێوان جێگرەوەکان سەبارەت بە کەیسێک، هەر لایەنێک دەیەوێت لە ڕێگەی بەڵگەوە پارێزگاری لە تێڕوانینەکانی بکات.

٥. دەقی زانیاری (النص المعلوماتي): لەم جۆرە دەقەدا نوسەر زانیاری تەواو لەسەر بابەتێکی دیاریکراو کۆدەکاتەوە بە لەبەرچاوگرتنی بنەمای تایبەت بە بابەتەکە، سەرەتا دەبێت ڕستەکە بەگشتگیر دەست پێبکات و پاشان بە شێوەی ئامار و لێکۆڵینەوە بە وردی وەسف یان پێشکەش دەکرێت.(حلیمە و الاخرون،٢٠٢٠،١٢)

## تەوەری دوەم: وێنەی تەلەڤزیۆنی

### یەکەم – چەمک و پێناسەی وێنە:

لە بەرامبەر(الصورە)ی عەرەبی و (Image) ئینگلیزی بەکارهاتو، لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییە و لە (Imago) وەرگیراوە (تروش،بدون السنة،٨٢)، ئەم دەستەواژەیەش دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (Icon) و لە یۆنانی کۆندا بە مانا و واتای لێکچون بەکارهاتوە، پاشان ئەم وشەیە گۆڕدراوە بۆ (Image)ی ئینگلیزی و ڕۆڵ و گرنگی لە فەلسەفەی ئەفلاتۆندا گێڕاوە، دامەزرێنەری چەندین سیستەم و بیرۆکە و چالاکی ڕۆژئاواییە (ابوبهجە،٢٠١٠،٥٣). وشەی وێنە لە زمانی عەرەبیدا پێکهاتوە لە فرمانی(صور) و هەڵگری کۆمەڵێک مانای جۆراوجۆرە وەک وێناکردنی شتێک، وەسفکردن یان دەلالەتکردن لە ڕاستییەک.(لمام،٢٠٢٠،٢٧٦)

**(ئەدیسۆن – Thomas Alva Edison)** لەساڵی ١٩١٠دا لە پێناسەی وێنەی تەلەڤزیۆندا دەڵێ: وێنەی جوڵاو دەبێتە هۆی دروستبون و هەڵگیرساندنی شۆڕشێک لە بواری پەروەردەیدا.(عبدالله، ١٩٩٩،١٧٥)

**پێناسەی(نصیر بوعلي)** بۆ وێنەی تەلەڤزیۆن ئەوەیە: ئامرازێکی دەربڕینە و لەلایەن مرۆڤەوە هەڵگیراوە بۆ بەرجەستەکردنی مانا و بیرۆکە و هەستەکان، بەشێوەیەکی گشتی وێنە بە پێکهاتەیەکی بینراو دادەنرێ لە پێناو هەمەجۆرکردنی شێواز و پەیوەندی و شوێنی تایبەت بە بابەتی وێنەکە.(لمام،٢٠٢٠،٢٧٦)

### دوەم – تایبەتمەندی وێنەی جوڵاو - تەلەڤزیۆن(وێنەی هەواڵ):

وێنە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندییە لەسەر ئاستی هونەری و پەیوەندیکردن لە گرنگترینیان:-

١. وێنە هەرگیز درۆناکات ئەمەش وایکردوە لە پلەیەکی ڕاستگۆیدا هەژمار بکرێ.

٢. یارمەتی بینەر دەدات بەشێوەیەکی خێرا باشتر لە ڕوداوەکان تێبگات.

٣. وێنە لە توانایدایە نرخێکی گەورە بداتە ناوەڕۆکی بابەتە میدیاییەکان.(خصور،٢٠٠٨،١٧٥)

٤. زمانێکی جیهانییه، مرۆڤ دەتوانی لەهەر شوێنێکی جیهان بێ پەیامە وێنەییەکان وەربگرێ.(ثاني،٢٠٠٤،١٩٣)
٥. وێنەی تەلەڤزیۆن ڕاستەقینەیە، ئەم سیفەتەش وایکردوه کە چێژی زیاتری هەبێت لەدەرکەوتنی گرتە و جوڵەی ئەو دیمەنانەی کە واقعی بابەتەکە پیشاندەدەن بەشێوەیەکی هونەری.
٦. لەبەرئەوەی وێنە لەتەلەڤزیۆندا جولاوە ڕۆڵی دەبێ لە دەربڕینی هەمو ئەو پەیامە میدیاییانەی لە شاشەکەوە دەردەکەوێ، بەمەش کاریگەری دەبێ لەڕوی مانا و لۆژیک بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ڕەمزی(عدوان،١٩٩٢،٢٤). و توانای نزیک کردنەوە و تێکەڵکردنی کات و شوێنی هەیە لە ماوەیەکی دیاریکراودا.(نصار،٢٠٠٧،٦١)

## سێیەم - جۆرەکانی وێنەی تەلەڤزیۆن:

بەشێوەیەکی گشتی زۆرێک لە شارەزایان و پسپۆرانی بواری ڕۆژنامەوانی بەگشتی و تەلەڤزیۆن بە تایبەتی کۆکن لەسەر بونی هەندێک جۆری وێنە کە پەیامە بینراوەکان پشتی پێدەبەستن وەک:

١. وێنەی جولاو – ڤیدیۆ (Moving Image):

چیرۆکێکە گوارشت لە هزر و کەلتور و ڕۆشنبیری وێنە و ڕوداوەکان دەکات، بەڵام بیروباوەڕ و مۆراڵی تایبەت لەخۆدەگرێ، و کاریگەری لەسەر بینەر هەیە هەستی پێبکات یاخود نا.(العريفي،٢٠٠٩،٢١)

٢. وێنەی وەستاو- جێگیر (CAP- Still):

لە زمانی ئینگلیزی بە CAP نیشانەکراوە کە ئەویش کورتکراوەی وشەی Caption و هەندێک لە کەناڵەکان دەستەواژەی دیکەیان بۆ بەکارهێناوە وەکSS و کورتکراوەیStill Stored و بەمانای وێنەی بەستو دێ. (معسعس،بدون السنة،٧١)

٣. وێنەی گرافیک(Graphic):

چەمکێکە بەکاردەهێنرێت بۆ گوزارشتکردن لە چەند جۆرێک لە هونەرە بینراوەکان، وەک(وێنەکێشان، دیزاین، نوسینی هونەری).(نەقشبەندی،٢٠١٤،١٦)

## چوارەم – ئامادەکردنی هەواڵ بۆ پەخش:

هەمو دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەسەرجەم جۆرەکانی بینراو بیستراو خوێندراو ڕۆژانە سەدەها هەواڵیان لە ڕێگەی سەرچاوە خودی و ناخودییەکانەوە پێدەگات، و لەلایەن دەرگاوانی ڕۆژنامەوانی و بەپێی سیاسەتی دامەزراوە میدیاییەکان هەندێکیان بەپێی گرنگی و بەهاکان دەکرێنە هەواڵ و ئاڕاستەی بینەر دەکرێن، بەجۆرێک پێویستە لەسەر هەواڵسازی تەلەڤزیۆن دڵنیابێت لەوەی کە پەیامەکان بۆ چاو و گوێی بینەر ئامادە دەکات، و لەم بارەیەوە **(لیۆنا هود – بەرهەمهێنەری پێشوی هەواڵ لە کەناڵی KUSA-TV)**دەڵێ: گرنگترین شت لە پەخش، ئەوەیە بینەر

یەک دەرفەتی هەیە بۆ بیستن و بینینی ئەو پەیامە میدیاییەی لەڕێگەی ئامرازەکانەوە بڵاودەکرێتەوە، گەر شتێک(زانیارییەک) لەدەست چو بەردەست ناخرێت بۆیە دەبێت کاتێک هەواڵساز هەواڵێک دەنوسێت گرنگە بۆهەر ڕستەیەک شتێکی تێدابێت کە جێی بایەخ و تێڕامانی وەرگر بێت.(ئەسعەد،٢٠١٨،٥٧)

لەم بارەیەوە نوسەری ئەمریکی(**سۆل بیلۆ – Saul Bellow**) دەڵێت: ڕستەی باش لەکاتی نوسینی هەواڵ نابێ کۆی وشەکان لە ١١ – ١٢ وشە زیاتربێت. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت پێویستە لەسەر ڕۆژنامەنوسان لەسەرجەم بوارەکاندا ڕەچاوی ئامراز و لایەنی دەرونی وەرگر بکەن لەکاتی نوسینی دەقە میدیاییەکان لەهەواڵدا، بۆیە لەلایەن شارەزایانی میدیاییەوە کۆمەڵێک پرێنسیپ دانراوە کە تایبەتە بە نوسینی هەواڵ لە تەلەڤزیۆندا و گرنگترینیان بریتین لە: (جەلال، ٢٠١٨، ٢٢-٢٥)

١. پێویستە نوسین لە تەلەڤزیۆندا ستایشی وێنەکان بکات و لە خزمەت وێنەکاندابێت و پەسەندییان بکات، نابێت نوسین لەگەڵ وێنەکان پێشبڕکێ یان بەربەرەکانی بکات، پێویستە وشەکان، وێنەکان، ڤیدیۆکان، دەنگەکان، لەگەڵ چیرۆکەکەدا هاودەم و لەگەڵ یەکتردابن.
٢. داڕشتن و دروستکردن و دامەزاندنی وشە و ڕستە و وێنە و ڤیدیۆ و دەنگەکان، پێویستە لەسەر بنەمای وردی و ڕونی بێت، بەجۆرێک وردی لە زانیاری و ڕونی لە ئاستی وەرگر.
٣. بەرهەمهێنانی پەیامی میدیایی قۆناغێکی زیندوە، بۆ ئەم مەبەستە پسپۆڕانی بوارەکە چەندین هەنگاویان دیاریکردوە و ڕۆڵی گرنگ و کارایان دەبێت لەسەرکەوتنی پەیام وەک: (دیاریکردنی ئامانج، ڕونی بۆچون، گوزارشکردن لە گرنگی و بایەخی بابەت، پاراستنی یەکێتی بابەت و پلەبەندی نێوان ڕوداوەکان).(عثمان، ٢٠١٩، ٥٤-٥٥)
٤. تەرکیز بکرێتە سەر هەواڵ و بابەتی نوێ، بەڕونی مامەڵە لەگەڵ ڕاستییە گرنگەکان بکرێت، چونکە هەواڵە بەسود و بە نرخەکان بریتین لە هەواڵی (ڕەسمی و خەڵک) و باشترین هەواڵیش ئەوەیە کە پەیوەندی بە خەڵکەوە هەبێت و گرنگ بێت لایان.
٥. بە درێژایی نوسینەکە، لە داڕشتنی ڕستەکاندا هەمیشە کورتبڕی بپارێزە، تا دەکرێت ڕستەی کورت و بێ پاشکۆ بەکاربهێنە، بەڵام ناکرێت کورتبێژییەکە کاریگەری لەسەر زانیارییەکان هەبێت، واتە دەقە هەواڵییەکە نابێت لە ٣٠٠ تا ٥٠٠ وشە تێپەڕێت. (نەژاد، بەبێ ساڵ، ٢٧-٢٨)
٦. دورکەتنەوە لە وشەی ئەکادیمی و فەرهەنگی و فرەمانا، لەبەرئەوەی ئەم شێوارە خوێنەر و بینەری تایبەتی هەیە و دورە لە تێگەیشتنی گشتی ئەویش زمانی میدیایە واتە (زمانی خەڵک).
٧. دورکەوتنەوە لە وشەی (بێ تام و خراپ، نەناسراو و گەورە، خوازە و ئاوەڵناو) و پێویستە گرنگی تەواو بە یاسا ڕێزمانییەکان بدرێت.

٨. پێویستە نوسین لە تەلەڤزیۆندا بەجۆرێک بێت کە بۆ خوێندنەوە و گفتوگۆ و تێگەیشتن ئاسان و ئاسانتربن، دەبێت واتای پەیامەکە ڕون و ڕەوان و ئاشکرابێت بەجۆرێک هیچ کەلێن و درزێک نەهێڵێتەوە، کە ببێتە هۆی تێنەگەیشتنی وەرگر لێی بێگومان ئەمە پێویستی بە پشکنین و وردبونەوە لە هەمو وشە و ڕستە و بڕگەکانی دەقەکە هەیە تا وەرگر بە ڕەوانی لێی تێبگات.(کەرکوکی، ٢٠٠٨،٢٥)

٩. پاش تەواوکردنی تێکستەکە، پێویستە پێداچونەوەی بۆبکرێت، بۆ دڵنیابونەوە لە نەبونی هەڵەی ڕێزمانی و زمانەوانی و یاسایی و کلتوری...هتد، لە کۆتادا پێویستە دەقە میدیاییەکە بە دەنگێکی بەرز بخوێنرێتەوە بۆ دڵنیابونەوە لەوەی کە ئایا ئامادەیە بۆ پەخش یاخود نا؟

لەبەر بنەمای ئەو دەربرینانەی سەرەوە دەکرێت ئاماژە بە ڕۆڵ و گرنگی و ئامانجی سەرەکی تێکستی میدیا بکرێت بۆ گواستنەوەی زانیاری دەربارەی ڕوداوێک یان بابەتێکی دیاریکراو بۆ وەرگر چونکە دەق تاکە بنەمایە کە هاوشانی ئەوانی دیکە بەپێی گرنگی ئامرازەکە کاریگەری دروست دەکات، بەمەش لەکاتی وەرگرتن یان وەرگێڕانی دەقە میدیاییەکاندا پێویستە دوبارە و سێ بارە داڕشتن بۆ زانیارییەکان بکرێت بە لەبەرچاوگرتنی وردی و بێلایەنی، سادەیی، ڕاستی و دروستی. (Shuttleworth, 1997, P: 78–79).

## تەوەری سێیەم: هەواڵی تەلەڤزیۆنی

### یەکەم – چەمک و پێناسەی هەواڵی تەلەڤزیۆن:

هەواڵ؛ یەکێکە لە ژانرە کۆنە ڕۆژنامەنوسییەکان و شێوەی گەیاندنی ڕوداوەکان لە ئەستۆ دەگرێت، کە لەناوەوە یان دەرەوەی وڵات کە ئەمڕۆ یان دوێنێ ڕویدابێ یان ئاشکرا بوبێ. چەمکی هەواڵ؛ لە بەرامبەر(الخبر) عەرەبی(بەهادین،٢٠٠٦،١١)،(NEWS) ئینگلیزی وەرگیراوە (سەیاد و فەرهەنگی،٢٠٠٨،٢٥) بە ئامانجی نیشاندان و پەخشکردن و خستەڕوی مەسەلە نوێیەکان و بەواتای زانیاری دێت، لە زاری کرمانجی خوارو جگە لە واتای هەواڵ مانای دەنگوباسیش دەگەیەنێت بەڵام لە زاری کرمانجی ژورو بە نوچە ناودەبرێت.(ئەسعەد،٢٠١٣،٩٦-٩٧)

**(ولیام سمول – William Small** )ی جێگری سەرۆکی وێستگەی"CBS" دەربارەی نوسین بۆ تەلەڤزیۆن یاخود ناساندنی هەواڵ دەڵێت: پێویستە لەسەر ڕۆژنامەنوسی تەلەڤزیۆن لەکاتی نوسیندا هەوڵبدات زۆر بە وردی بابەتەکە ئامادەبکات، پێویستە وشەکان یاوەری وێنەکان بن بەشێوەیەکی هارمۆنی ئەم گونجاندنە لەلای وەرگر هەستی پێبکرێت، بەهۆی ئەوەی لە تەلەڤزیۆندا تێکست بۆ وێنە دەنوسرێت.(العمرو،٢٠١٥،٥٤)

**هەواڵی تەلەڤزیۆن**: سەرجەم ئەو بابەتە ڕۆژنامەوانیانە دەگرێتەوە کەبە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ تۆماردەکرێت یان دەگوازرێتەوە لە شوێنی ڕوداوەکە، لەلایەن تیمی ڕۆژنامەوانی هەواڵی تەلەڤزیۆنییەوە ئەنجامدەدرێت(شعباني و الاخرون،٢٠٠٦،١١). لە هەواڵی تەلەڤزیۆنیدا پێویستە تێکست هاوسەنگ و گونجاو بێت لەگەڵ ئەو وێنەیەی کە

یاوەری دەقەكە دەكات و لەڕێگەی بێژەر یاخود ڕیپۆرتەر ئاڕاستەی جەماوەر دەكرێت، هەواڵی ڕۆژنامەوانیش بەو شێوەیە دەنوسرێت كە خوێنەر چێژی لێوەربگرێت ئەویش لە ڕێگەی وردبونەوە لە زانیارییەكانی ناو ڕوداوەكە. (العمرو،٢٠١٥،٥٤)

## دوەم – تایبەتمەندییەكانی هەواڵی تەلەڤزیۆن:

هەندێك لە توێژەرانی بواری میدیا چەندین تایبەتمەندییان بۆ هەواڵی تەلەڤزیۆن داناوە لەوانە:- (ملياني،١٩٩٩،٢٩)

١. ڕونی.
٢. هەڵبژاردنی باش.
٣. داڕشتنی باش و كوالێتی.
٤. هاوتاكردنی وێنە و دەق.
٥. دوركەوتنەوە و خۆلادان لە بەكارهێنانی وشە و دەستەواژەی ناپێویست.

## سێیەم – بەهاكانی هەواڵی تەلەڤزیۆن:

پێویستە لەسەرهەواڵ هەندێك لە بەهاكانی تێدابێت لەوانە:-

١. ناوبانگ: یەكێكە لە بەهاكانی هەواڵ، واتە هەر(شوێنێك، كەسێك،...هتد) كە دیار و ناوبانگی هەبێت دەبێتە بنەما و دەكرێتە بناغەیەك بۆ بون بە هەواڵ.(محمد،٢٠٠٧،٤٨)
٢. نوێیی: بە واتای گەرما و گەرمی و تازەیی هەواڵ دێت، لەبەرئەوەی هەواڵ لە كاڵایەك دەچێت زو بەسەر دەچێت و باوی نامێنێت.(إبراهيم،١٩٩٨،١٤)
٣. نزیكی: نزیكی شوێنی جوگرافی و سۆزداری و دەرونی دەگرێتەوە، كاتێك ڕوداوەكە نزیكە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەو جەماوەرەوە هەیە كە هەواڵ و زانیارییەكانی بۆ ئاڕاستە دەكرێت.
٤. قەبارە – پانتایی: ڕوداو كاتێك بایەخی هەیە كەلەسەر ژمارەیەكی زۆر لە تاكەكانی كۆمەڵ كاردانەوەی هەبێت و هەڵگری بەرژەوەندی یان زیانی ماددی و مەعنەوی دەستەیەك لە تاكەكانی كۆمەڵ بێت.
٥. سەرنج ڕاكێشی: لەكاتی گەڕان بەدوای هەواڵ بێجگە لە نوێ بون پێویستە مەسەلەی سەرنج ڕاكێشی هەواڵیش لەبەرچاوبگیرێت، و دەبێت لەگەڵ سیاسەت و ستراتیژی كەناڵ و ئەو ژینگەیەدا بگونجێت كە هەواڵەكەی تێدا بەرهەمدەهێنرێت.
٦. ململانێ: هەر ململانێیەكی نێوان جەماوەر یان گروپێكی دیاریكراو بەشێوەیەكی ئاسایی جێی بایەخی جەماوەرن. هەر لەبەر ئەمەشە ڕۆژانە هەواڵی جۆراوجۆری لەم شێوازە دەبینرێت و بڵاودەكرێتەوە.(عەلی،٢٠٠٤،١٨)

٧. گرنگی: کاتێک هەواڵێک دەبێتە جێی سەرنج و بایەخی جەماوەر بەمەش گرنگییەکەی زیاد دەکات. (رشید، ٢٠٢٠،٨٤)

٨. بایەخپێدانی مرۆیی: ئەو بابەتانەیە کە ڕەهەندێکی خۆشئامێزی هەیە و خەڵکی حەز بە زانینی دەکەن، دەبنە زاخاو بۆ مێشک.(ماگدۆگاڵ،بەبێ ساڵ،١٥٩)

٩. سێکس: ژیانی سێکسی و هەمو ئەو ڕوداوانەی پەیوەستن پێوەی، بە ڕەگەز و بەهایەکی تازەی هەواڵی دادەنرێت، ئەمەش پاش ئەودێت کە ڕۆژنامەنوسان درکیان بە گرنگی وەرگر کرد بۆ بابەتەکە.(سالح،٢٠٢٠،٣١)

## چوارەم - قاڵبەکانی هەواڵ:

بۆ داڕشتنی هەواڵ تا ئەمڕۆ ڕێگە و قاڵبی جۆراوجۆر لەلایەن ڕۆژنامەنوسانەوە بەکارهاتوە، ئەوانیش وەک:-

١. قاڵبی هەرەمی هەڵگەڕاوە: گرنگترین زانیارییەکان لەسەرەتای هەواڵەکادا دادەنرێت و دواتر بەپێی گرنگی ڕیزبەندی لە زانیارییەکاندا دەکرێت، ئەم بنەمایەش گرنگییەکی زۆری دەبێت لەکاتی گواستنەوە و ڕوماڵکردنی هەواڵە بە پەلەکاندا.(خرعل،٢٠١٠،٧٩)

٢. قاڵبی هەرەمی نەرم: ئەم قاڵبە پێچەوانەی قاڵبی هەرەمی هەڵگەڕاوەیە، لێرەدا گرنگترین ڕەگەزی هەواڵ، لە کۆتایی هەواڵەکەدا باس دەکرێت و ئاماژەی پێدەدرێت بە جۆرێک ڕوداوەکان لە خوارەوە بۆ سەرەوە ڕیزبەند دەکرێن، بە باشترین شێواز دادەنرێت لە نوسینی چیرۆکە هەواڵدا.(یعقوب،٢٠١٢،٤٨٨)

٣. قاڵبی بەدوای یەکدا هاتنی کات: ئەم شێوازە بەکۆنترین شێوازی داڕشتنی هەواڵ دادەنرێت لە بواری ڕۆژنامەگەرییدا، بەمەبەستی ڕوماڵکردنی ڕوداوەکان بەو شێوەی کە ڕویداوە بەکاریانهێناوە.

٤. قاڵبی مێژویی: بەپێی ئەم قاڵبە بابەتەکان بەپێی کاتی ڕودانیان زانیارییەکان دادەڕێژرێ، بەشێوەیەک لەکاتی ئامادەکردنی هەواڵەکاندا وەک هەرەمی هەڵگەڕاوە زانیارییەکان دەخرێنەڕو، بەڵام لە گوزارشتی لێکۆڵینەوە و بەڵگەنامەکاندا دەکرێت لە شێوەی مێژویی کەڵک وەربگرین.(سدقی،٢٠٠٨،٨١)

٥. قاڵبی کوپەیی: لقێکی جیابوەوەی قاڵبی قوچەکییە و تێیدا ماددە ڕۆژنامەوانییەکان بەشێوەی هەڵگەڕاوە دادەنرێن، ئەم قاڵبە بۆ هەواڵە نائاساییەکان بەکاردێت و گونجاوە چونکە لێرەدا پێویست بە وردەکاری زیاتر دەکات.(سالح،٢٠٢٠،٥٩)

## پێنجەم – ڕۆڵی دەق و وێنە و کاریگەری لە پرۆسەی سازاندنی هەواڵی تەلەڤزیۆن:

پەیوەندی نێوان وشە و وێنە لە ماددە تەلەڤزیۆنییەکاندا پەیوەندییەکی تەواوکارییە، جۆری ماددە تەلەڤزیۆنییەکە و ڕەگەزەکانی تری بەرجەستەکردنی لایەنی هونەریی سروشتی پەیوەندییەکە دیاری دەکەن. هەندێ کات واسەیری وێنە دەکرێت کە زیاتر ڕەچاوی متمانەی بینەر دەکات بە بەراورد لەگەڵ وشە، ئەگەر هەریەک لە وێنە و تێکست هاوتا نەبون ئەوا بینەر زیاتر بەلای وێنەکەدا لایەنگیردەبێت، چونکە تێکست لەلایەن تاکێکەوە دەنوسرێ، بەڵام وێنە

تیمێک دروستی دەکات و کۆمەڵێک وەریدەگرن لەیەک کاتدا (یوسف،١٩٩٩،٤١). ئەمە وایکردوە هەواڵی تەلەڤزیۆن لە ڕێگەی بەکارهێنان و پشت بەستن بە وێنەی جوڵاو(ڤیدیۆ) و وەستاو متمانەی زیاتر لای بینەر دروست بکات، لەبەرئەوەی پەیوەندی نێوان دەق و وێنە وەک پەیوەندی ڕوەکانی دراوێک وایە، بەجۆرێک دەق پێویستی بە وێنەیە، وێنە پێویستی بە دەقە تا واتاکەی بۆ بینەران ڕون و تەواو بکات.

هەربۆیە پێویستە لەسەر نوسەری تەلەفزیۆن، بەر لە دەستپێکردنی نوسین، تەماشای ئەو دیمەنە بکات کە وێنەی گیراوە یاخود لە ئاژانسەکانی هەواڵ و سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی تر دەستیکەوتون، چونکە تەماشاکردنی وێنەکان گرنتی ئەوە دەکات ئەو کەسەی کە دەنوسێت، نوسینەکەی ئاوێزان بێت لەگەڵ دیمەنەکاندا، ئەمە بەتەنیا بابەتی شێوەی کارکردن نییە، توێژینەوەکان دەریانخستوە، بینەران لە هونەرەکانی نوسینی تەلەڤزیۆنی بەشێوەیەکی باشتر تێدەگەن ئەگەر وشە و وێنەکان ئاوێزانی یەکتر بن، بەڵام کاتێک ڤیدیۆ لەگەڵ تێکستدا ئاوێزان نابێت، بینەران بێزار دەبن لە بینینی زیاتری دیمەنەکان بەبەراورد بەوەی کە گوێیان لێی دەبێت (الشعراوي،٢٠٢٠، ١١٣).

لە کۆتایدا؛ ڕۆژنامەنوسی تەلەڤزیۆنی داهێنەرانەی سەرکەوتو ئەوەیە کە دەزانێت چۆن پەیوەندی تەواوکاری نێوان وێنە و وشە لە ماددەی تەلەڤزیۆنی و کارلێکەکانی دەخەملێنێت، بەجۆرێک هەریەکەیان بتوانێت ئەوی تریان دەوڵەمەند و تەواو بکات. نوسەری تەلەڤزیۆن دەبێت زانیاری قوڵی هەبێت لەبارەی سروشتی وێنە و تواناکانی لە بواری کۆمۆنیکەیشن و کاریگەرییەکانی لەسەر سۆزو هەڵچونی بینەر، هەروەک پێویست دەکات لەسەری درکی قوڵی هەبێت بۆ سروشتی زمان و تواناکانی کۆمۆنیکەیشنی زمان و توانای لە قایلکردن و ئامرازەکانی کاریگەریی. چونکە لە بنەڕەتەوە ژانرە هەواڵییەکان ئاڕاستەی هۆش و عەقڵ و لۆژیکی بینەر دەکرێت، ئەمە لەسەر توانای نوسەر کەوتوە لە بەکارهێنانی وێنە و وشەی گونجاو بۆ گوزارشتکردن لە ناوەڕۆکی داواکراو و ئاڕاستەکردنی پەیامی گونجاو لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجێکی داواکراو.

## تەوەری چوارەم: سازاندن (مۆنتاژ)

## یەکەم - چەمک و پێناسەی سازاندن:

پرۆسەی سازاندن(بژارکردن) بە هەنگاوێکی گرنگ و بە گرنگترین قۆناغ دادەنرێت لە بواری بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنی، دەبێتە هۆی جوانکردن و ڕازاندنەوەی بەرنامەکە و پیشاندانی وێنەیەکی جوانی میدیایی(شنب و الاخرون،٢٠١٦،٩)، زاراوەی سازاندن زاراوەیەکی سەختە بۆ تێگەیشتن(کارتر،٢٠٠٨،٣٩٢)، (Montage) وشەیەکی فەرەنسییە و بە مانای؛ کۆکردنەوە، دیاریکردن، ڕێکخستن، دێت (السید،٢٠٠٢،١٢٢) و هاوتای وشەی(Editing) ئینگلیزیە.(الزعبي،٢٠١٠،٧٨)

**(ئەنتونی غیبز – Anthony Gibbs)** دەربارەی سازاندنی فیلم و ڤیدیۆ دەڵێت: ماددە و بنەمای کەرەستەی سەرەکی بابەتە ڤیدیۆییەکەیە کە دەرهێنەری هونەری دوای تۆمارکردنی گرتە و دیمەنەکان ئاڕاستەی مۆنتێری دەکات بە

شێوەیەکی درامی(دیک،٢٠١٣،١٤٤). کەواتە سازاندن بە هێزی داهێنەری واقع و بناغەی هونەری فیلم و بابەتە ڤیدیۆییەکان دادەنرێت.(Grace,2009,P:2)

**(کارل ڕیز – Karel Reisz)** لە بارەی هونەری سازاندنەوە پێیوایە: ڕونکردنەوەی وردەکارییە بچوکەکانە، نەک دروستکردن و تەواوکردنی بابەتە سەرەکییە.(Reisz & Miller,1968,P:84)

## دووەم - هونەر و شێوازی سازاندن (مۆنتاژ) لە کاری تەلەڤزیۆنیدا:

گرنگترین ئەو شێوازانەی کەلە پرۆسەی سازاندندا بەکاردەهێنرێت بریتین لە:-

١. بڕین(Cut): ئامرازێکی گواستنەوەی ئاساییە، لە گرتەیەکەوە بۆ گرتەیەکی دیکە و زۆرترین بەکارهێنانی هەیە.(شریف و سليم،٢٠٠٧،٦٠)

٢. تێکەڵکردن(Dissolve): بە دووەم بەربڵاوترین جۆری گواستنەوە دادەنرێت لە پرۆسەی سازاندن، لەم گواستنەوەیەدا وردە وردە سەرەتای وێنەیەکی دیکە زیاتر دەردەکەوێت و وێنە کۆنەکە بەرەبەرە دیار نامێنێت.(Thompson,2006,P:52)

٣. دەرکەوتن و شاردنەوە(Fade in & Fade out): بریتییە لە دەرکەوتنی وێنە لەسەر شاشە بە پلەیی و لابردن و نەمانی وێنەکە بەهەمان شێوە.(زيتل،٢٠٠٤،٤٢٠)

٤. سڕینەوە(Wipe): بریتییە لە جوڵەی بڕینی فرێم لە گرتەیەکی نوێدا لەسەر ڕوی گرتەیەکی کۆن لە سوچێکی شاشەکە.(كارتر،٢٠٠٨،٣٨٦)

## تەوەری پێنجەم: هاوسەنگی

## چەمک و پێناسەی هاوسەنگی:

هاوسەنگی لە ڕوی زمانەوانییەوە واتە هاوکێش، سەربەسەر و وەکیەک یان بەرانبەر، هاوئەندازە و هاوتا، لە وشەی (التوازن)ی عەرەبی وەرگیراوە و لە بەرامبەر(Balance) ئینگلیزی بەکارهاتوە.(عارف،٢٠٢٠،٤٦٦)

**هاوسەنگی**: گونجاندن و دروستکردنی پەیوەندییەکی هارمۆنییە لە نێوان پێکهێنەرە سەرەکییەکانی هەواڵ وەک (وێنە، دەنگ، دەق). لەسەر بنەمای پێشەشکەشکردن و تێڕوانینە جیاوازەکان ئەنجام دەدرێت لە بابەت و ژانرە هەواڵییەکاندا، هەوڵ دەدرێت بابەتە هەواڵییەکان بەشێوەیەکی یەکسان و هاوسەنگ دەربکەون بە پەسەندکردنی یەک خاڵ یان ڕاستییەک لەسەر یەکێکی تر.(العاني،٢٠٠٧،٥٠) **یان** دەکرێت هاوسەنگی: دانان و ڕێکخستنی ڕێژەیی بێت لە نێوان دەنگ و ڕەنگ یاخود وێنە و دەق.(سەلام، ٢٠٠٧،٢٣٤)

لەلایەکی دیکەوە **"ئەکادیمیای جەزیرە"** باس لەوە دەکات کە پرۆسەی هاوسەنگی لەسەر چەند ئاستێک بەدی دێت و کاری لەسەر دەکرێت، پێویستە لەسەر ڕۆژنامەنوسان لەکاتی ئامادەکردن و ئاڕاستەکردنی پەیامە بینراو و خوێندراوەکاندا ڕەچاوی بکەن:- (علي، ئینتەرنێت)

١. هاوسەنگی لە شێوەدا: ئەمە لەو ڕێگەیەوە دەبێت کە جیاوازی لە فۆنتدا نەبێت لەڕوی (قەبارە و جۆر)، هەروەها وێنە هاوتای ماددەکە بێت وەک (کەسایەتی، بابەت، کاریکاتێر،و... هتد).

٢. هاوسەنگی لەناوەڕۆکدا: ئەمەش لەسەر چەند ئاستێک دەبێت:-

- بونی هەمو ڕەهەند و لایەنەکانی گفتوگۆ و پشتگوێ نەخستنی هیچ یەکێکیان لەبەر خاتری ئەوی تر.
- زامنکردنی دادپەروەریی لەو ڕوبەڕ و کاتەی کە دەدرێت بە هەریەکێک لە لایەنەکان لەناو بابەتەکە، وەک (ناونیشان، پێشەکی، ناوەڕۆک، کۆتایی) یاخود کاتی پێدانی قسەکردن بە میوان.
- گونجاوی بابەتی هەواڵ بۆ ئەو فاکتانەی کە لەبارەیەوە کۆکراونەتەوە، نەک ئاوەژوکردنەوەی ڕاستییەکان لەپێناو دروستکردنی بابەت.

توێژینەوەکان بایەخیان بە لێکۆڵینەوەی پەیوەندیکردن و هاوسەنگی و ڕێکوپێکی و گونجاندن داوە، بێگومان گرنگی ئەمەش لە گۆڕینی ئاڕاستەکان و پێکهێنانی لەسەر بنەمای ئەو پرەنسیپانەیە کە (فریتز هیدەر–F. Heider) لە تیۆری هاوسەنگیدا دایڕشت.

تیۆری(هیدر) بەو تیۆرانە دادەنرێت کەلە هاوسەنگی زانینی کۆڵیوەتەوە لای بینەری پەیامی ئامرازە میدیاییەکان، چونکە باری هاوسەنگی ئاماژە بەو بارە دەکات کە تاک وەک بینەر(وەرگر) درک بە ئاڕاستەکان دەکات لەناو ژانرە ڕۆژنامەوانییەکان، بەو پێیەی لەگەڵ یەکتر هەماهەنگ و پێکەوە گونجاون لەڕوی شێوە و ناوەڕۆک، لەبەر ئەوەی کاتێک تاک درک بە ناهاوسەنگی یان کەموکوڕییەک دەکات لە بابەت و پەیامەکاندا، ئەوا هەست بە بارێک دەکات لە گرژیی و دڵەڕاوکێ و باوەڕنەبون پێی، وای لێ دەکات ئارەزوی بەلای ئاڕاستە یان زیاتر لە پەیوەندی هەستەکاندا بڕوات و تا دەگەڕێتەوە بۆ بارەکە یان هەماهەنگی یاخود پێکەوە گونجاو. (فاروق، ٢٠١٣، ١٥٩–١٦١)

کەواتە لە زانستی مرۆڤایەتییدا هیچ شتێکی چەسپاو بونی نییە، کەسێک نییە بتوانێت درک بە حەقیقەتی تەواوەتی بکات، بەڵام هاوسەنگی هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە نزیکترین خاڵ لە حەقیقەتی تەواوەتی، ڕۆژنامەنوسی هاوسەنگ هەمو ژیانی لەسەر پەتی پیشەیبونە کە درێژ دەبێتەوە بۆ ئەوپەڕی بەرزێتی و دورە لە کاری نارێکخراوەیی، لەم کارەشدا هەندێکجار ڕوبەڕوی ئاڵۆزی و بێزاری دەبێتەوە. ڕەنگە ڕابوەستێت لەپێناو گەڕاندنەوەی هاوسەنگی خۆی، بەڵام بەردەوام دەبێت لە بەرەنگاری بۆ ئەوەی کێشە نەکەوێتە هاوسەنگییەکە، لێرەشەوە ڕۆژنامەنوس وەکو ئەو یاریزانەی لێدێت کە لەسەر پەتێک لەنێوان دو چیادا ڕاوەستاوە. لەحاڵی تێکچونی هاوسەنگی و کەوتنەخوارەوەیدا، وەفاتنامەی ڕۆژنامەنوسی خۆی دەنوسێت، کە تێیدا تەمەنی ڕۆژنامەوانی خۆی لەدەستدەدات (لەڕوی جەماوەرییەوە) یاخود وەکو ڕۆژنامەنوسێک کە ناتوانێت بە جەماوەر بگات دەمێنێتەوە، ئەمەش بەهۆی لەدەستدانی جەماوەرەکەی لەبەر تێکچونی هاوسەنگییەکەی و کەوتنەخوارەوە لەسەر پەتی پیشەیبون. (الجمل، التميمي، ٢٠١٨،١٨٧)

کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە پێویستە لەسەر سەرجەم ڕۆژنامەنوسان ڕەچاوی هاوسەنگی بکەن لەکاتی بەرهەمهێنانی ژانرەڕۆژنامەوانییەکان لەڕوی هونەری و نوسین و سازاندن، **بۆ نمونە:** هاوسەنگی وێنە؛ نیشاندەر و خاڵی زێڕینە و کێش و قورسایی وێنە هەڵدەگرێت، بۆیە پێویستە لەسەر وێنەگر گرنگییەکی زۆر بدات بە لایەنی جوانکاری و ڕوناکی و ڕەنگ و بۆشایی،... هتد ئەو دیمەنانەی کە تۆماریان دەکات، چونکە ئەگەر هەریەک لەوانە فەرامۆش بکرێ دەبێتە هۆی لەدەستدانی هاوسەنگی و نەمانی متمانەی میدیایی بۆ کارەکانی دیکەی ڕۆژنامەوانی ڕاستە.

## باسی سێیەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

خستنەڕوی هاوسەنگی دەق و وێنە لە سازاندنی هەواڵی تەلەڤزیۆنیدا:

لە چوارچێوەی خستنەڕوی بونی هاوسەنگی لە نێوان دەق و وێنە لە هەواڵی کاتژمێر (٨)ی هەردو کەناڵی (K24وNRT)، توێژەر بەباشی زانی بە گونجاو بۆ توێژینەوەکەی هەستا بە بەکارهێنانی میتۆدی شیکاری بەمەبەستی بەئاگابون لە ڕادە و بونی هاوسەنگی لە نێوان دەق و وێنە لە پڕۆسەی سازاندن (مۆنتاژ) لە هەواڵی تەلەڤزیۆنیدا، توێژەر لە ڕێگەی بەکارهێنان و بە پشت بەستن بە بەرنامەی SPSS لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی لەڕێگەی چەند خشتەیەک زانیارییەکان ڕوندەکرێنەوە.

خشتەی (١)

١- جۆری گرتەی بەکارهاتو لە هەردو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:

| کەناڵ / جۆری گرتە | K24 | | | | | | NRT | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: چ | کۆ: % | ریزبەندی | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: چ | کۆ: % | ریزبەندی |
| گشتی دور | ٠ | ٦ | ٠.٧٣ | ٢٢ | ٢.٥٢٢ | ٦ | ٠ | ١٠ | ٤.٥٠ | ١٣٥ | ٦.٥١٨ | ٦ |
| گشتی | ٠ | ٢٦ | ٧.٩٠ | ٢٣٧ | ٢٧.١٧٩ | ١ | ٨ | ٣٧ | ٢٢.٢٠ | ٦٦٦ | ٣٢.١٥٨ | ١ |
| ناوەند | ١ | ١٥ | ٦.٥٣ | ١٩٦ | ٢٢.٤٧٨ | ٣ | ٧ | ٣٦ | ١٦.٦٣ | ٤٩٩ | ٢٤.٠٩٤ | ٢ |
| ناوەندی دور | ٠ | ١٦ | ٣.٩٧ | ١١٩ | ١٣.٦٤٧ | ٤ | ٠ | ١٧ | ٧.٨٠ | ٢٣٤ | ١١.٢٩٩ | ٤ |
| ناوەندی نزیک | ٠ | ١٤ | ٢.٩٠ | ٨٧ | ٩.٩٧٧ | ٥ | ٠ | ١٧ | ٦.٥٧ | ١٩٧ | ٩.٥١٣ | ٥ |
| نزیک | ٠ | ٢٧ | ٧.٠٤ | ٢١١ | ٢٤.١٩٧ | ٢ | ٠ | ٢٥ | ١١.٣٣ | ٣٤٠ | ١٦.٤١٨ | ٣ |
| کۆ | | | ٢٩.٠٧ | ٨٧٢ | ١٠٠ | | | | ٦٩.٠٣ | ٢٠٧١ | ١٠٠ | |

لە خشتەی ژمارە (١) دەردەکەوێت، جۆری گرتەی بەکارهاتو لە هەردو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بەم شێوەی خوارەوەیە:

هەردو کەناڵ بە پلەی یەکەم گرنگیان داوە بە گرتەی (گشتی) و زۆرترین بەکارهێنانیان هەبوە لە خستەڕوی دیمەنی هەواڵەکان و کەمترین بەکارهێنانیشیان بۆ گرتەی (گشتی دور) بوە بە برو ڕادەی جیاواز، بەپێی ئەو یاسایەی کە (گریفث) دایناوە بۆ سازاندنی ڤیدیۆ بریتییە لە؛ ⌈گرتەی گشتی + گرتەی ناوەند + گرتەی نزیک⌋، دەرکەوتوە کە کەناڵی (NRT) پەیڕەوێکی تەواوی ئەم شێوازەیان کردوە بە بەراورد بە کەناڵی (K24) لە کاتی سازاندن و خستنەڕوی وێنە ڕۆژنامەوانییەکان، ئەمەش بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری پلەبەندی و تەرکیز خستەسەر ئەو دیمەن و وێنەکانەن کەلە هەمبەر بونی گرنگیدان بە پێکهاتەکانی ناو دیمەنەکاندا بونیان هەیە، هەروەها ڕێژەی بەکارهێنانی گرتە لە کەناڵی(NRT) زۆرترە بە ناوەندە ژمێرەی (٦٩.٠٣) بە بەراورد بە کەناڵی(K24) بە ناوەندە ژمێرەی (٢٩.٠٧).

خشتەی (٢)

٢-جۆری گۆشەی بەکارهاتو لە هەردو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:

| کەناڵ / جۆری گۆشە | K24 | | | | | | NRT | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: چ | کۆ: % | ڕیزبەندی | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: چ | کۆ: % | ڕیزبەندی |
| ئاستی بینین | ٢ | ٥٣ | ٢٣.٠٣ | ٦٩١ | ٧٩.٢٤٣ | ١ | ١٦ | ٨٣ | ٥٥.٨٠ | ١٦٧٤ | ٨٠.٨٣٠ | ١ |
| سەرو ئاستی بینین | ٠ | ١٢ | ١.٣٠ | ٣٩ | ٤.٤٧٢ | ٣ | ٠ | ٢١ | ٣.٤٠ | ١٠٢ | ٤.٩٢٥ | ٣ |
| خوار ئاستی بینین | ٠ | ٢١ | ٣.٩٧ | ١١٩ | ١٣.٦٤٧ | ٢ | ٠ | ١٢ | ٧.٣٠ | ٢١٩ | ١٠.٥٧٥ | ٢ |
| درۆن | ٠ | ٧ | ٠.٤٧ | ١٤ | ١.٦٠٥ | ٤ | ٠ | ٤ | ٠.٨٧ | ٢٦ | ١.٢٥٦ | ٥ |
| چاوی باڵندە | ٠ | ٢ | ٠.١٠ | ٣ | ٠.٣٤٤ | ٦ | ٠ | ٣ | ٠.٥٣ | ١٦ | ٠.٧٧٢ | ٦ |
| چاوی مێروولە | ٠ | ١ | ٠.٢٠ | ٦ | ٠.٦٨٩ | ٥ | ٠ | ٤ | ١.١٣ | ٣٤ | ١.٦٤٢ | ٤ |
| کۆ | | | ٢٩.٠٧ | ٨٧٢ | ١٠٠ | | | | ٦٩.٠٣ | ٢٠٧١ | ١٠٠ | |

لە خشتەی ژمارە (٢) دەردەکەوێت، جۆری گۆشەی بەکارهاتو لە هەردو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بەم شێوەی خوارەوەیە:

لەخستنەڕوی گۆشەکاندا دەرکەوتوە کە ڕادەی بەکارهێنانی گۆشە لە کەناڵی (NRT) زۆرترە بەبەراورد بە کەناڵی (K24)، بەڵام تاڕادەیەک شێوازی بەکارهێنانی گۆشەکان وەک یەکن یاخود لەیەکەوە نزیکن، لەڕوی بەکارهێنان هەریەک لە گۆشەکانی (ئاستی بینین، خوار ئاستی بینین، سەرو ئاستی بینین) هاوسەنگن و هەمان پلەبەندییان وەرگرتوە لە هەردو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕادە و ڕۆڵی گرنگی پێدانی کەناڵەکان بەو دیمەنانەی کە بابەتە هەواڵییەکانیان پێکهێناوە لەڕوی کەسایەتی و پێگە، شوێن،...هتد، لە لایەکی دیکەوە جۆری گۆشەی بەکارهێنراو تاڕادەیەک هاوسەنگە لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتە هەواڵییەکان و بەمەش بینەر واهەست دەکات بەشێوەی ڕاستەوخۆ قسەی بۆ دەکرێت.

خشتەی (٣)

٣- جۆر و وێنەی بەکارهاتو لە هەردو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:

| کەناڵ / جۆر و وێنەی بەکارهاتو | K24 | | | | | | NRT | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: چ | کۆ: % | ریزبەندی | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: چ | کۆ: % | ریزبەندی |
| جولاو | ٢ | ٥٥ | ٢٥.٣٧ | ٧٦١ | ٧٩.١٨٨ | ١ | ٨ | ٦٢ | ٤٢.٢٣ | ١٢٦٧ | ٦٠.٥٦٤ | ١ |
| وەستاو | ٠ | ٢٢ | ٣.٧٠ | ١١١ | ١١.٥٥٠ | ٢ | ٢ | ٤٩ | ٢٦.٨٠ | ٨٠٤ | ٣٨.٤٣٢ | ٢ |
| گرافیک | ٠ | ١٨ | ٢.٩٧ | ٨٩ | ٩.٢٦٢ | ٣ | ٠ | ١٦ | ٠.٧٠ | ٢١ | ١.٠٠٤ | ٣ |
| کۆ | | | ٣٢.٠٤ | ٩٦١ | ١٠٠ | | | | ٦٩.٧٣ | ٢٠٩٢ | ١٠٠ | |

لە خشتەی ژمارە (٣) دەردەکەوێت، جۆری وێنەی بەکارهاتو لە هەردو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بەم شێوەی خوارەوەیە:

بەپێی ئەو یاسا ئامارییەی کە بەردەستە و لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە، هەردو کەناڵی نمونەی توێژینەوەکە هەمان ڕیزبەندیان هەیە بۆ جۆرەکانی وێنە بە جۆرێک وێنەی جولاو – ڤیدیۆ لە پلەی یەکەمدا دێت و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تایبەتمەندییەی کە تەلەڤزیۆن هەیەتی لەڕوی زیندویی و ڕاستەقینەوە، و بەردەوام کار لەسەر وێنەی جولاو دەکات بۆیە سەرجەم ئەو وێنە وەستاوانەش کەلە گەشتی هەواڵەکاندا بەکارهێنراون لەلایەن مۆنتێر (Montion – ئیفێکت)ی دراوەتێ تا بتوانرێت لە قاڵبی وەستاو بهێنرێتەدەرەوە، هەمیشە گرافیک بۆ ڕونکردنەوە و زانیاری ورد بەکاردەهێنرێت، کەواتە دەکرێت بوترێت هەریەک لە کەناڵی (K24و NRT) توانویانە بەشێوەیەکی زانستی کارلەسەر جۆری وێنەکان بکەن لەکاتی پەخشکردنی هەواڵەکان لەڕوی ناوەڕۆکەوە.

وەک لە خشتەکەدا ڕونکراوەتەوە کۆی گشتی ژمارەی وێنەکان یەکناگرێتەوە لەگەڵ هەریەک لە گۆشە، گرتە،...هتد لەبەرئەوەی ئەو هەواڵانەی کە وێنەکەیان لە جۆری (گرافیک)ە لەگەڵ بەکارهێنانی وێنەی وەستاو دەقێکی ڕونکردنەوەیی یاوەری کردوە کە بێگومان ناگونجێت وەک وێنە شیکردنەوەی بۆ بکرێت هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا تەنها بە ژمارە ئاماژەی پێکراوە.

خشتەی (٤)

٤- جۆری وێنە بە پێی سەرچاوە لە هەردو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:

| کەناڵ / جۆری وێنە بە پێی سەرچاوە | K24 | | | | | | NRT | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: چ | کۆ: % | ڕیزبەندی | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: چ | کۆ: % | ڕیزبەندی |
| ناوخۆ | ١ | ٨ | ٢.٧٣ | ٨٢ | ٥٧.٧٤٦ | ١ | ١ | ٩ | ٤.٤٣ | ١٣٣ | ٢٣.٦٢٣ | ٣ |
| دەرەکی | ٠ | ٤ | ٠.٦٣ | ١٩ | ١٣.٣٨٠ | ٣ | ٠ | ٩ | ٦.١٣ | ١٨٤ | ٣٢.٦٨٢ | ٢ |
| ئاژانس | ٠ | ٧ | ١.٣٧ | ٤١ | ٢٨.٨٧٤ | ٢ | ٠ | ١٢ | ٨.٢٠ | ٢٤٦ | ٤٣.٦٩٥ | ١ |
| کۆ | | | ٤.٧٣ | ١٤٢ | ١٠٠ | | | | ١٨.٧٦ | ٥٦٣ | ١٠٠ | |

لە خشتەی ژمارە (٤) دەردەکەوێت، جۆری وێنەی بەکارهاتو بەپێی سەرچاوە لە هەردو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بەم شێوەی خوارەوەیە:

دوای وردبونەوە و تێڕوانین لە ئەنجامەکان و لە خشتەی سەرەوەدا دەرکەوتوە؛ کەناڵی (K24) بۆ وەرگرتنی وێنە بە پلەی یەکەم زیاتر پشتی بە سەرچاوەی ناوخۆیی (خودی) بەستوە ئەمەش گرنگی ئەو کەناڵە دەردەخات لە ڕوی بونی وێنەی گونجاو و تەواو دەربارەی ڕوداوە جیاوازەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی، لەگەڵ گرنگیدانی تەواو بە بابەتە ناوخۆیی و کوردستانییەکان بەڵام لە بەرامبەردا کەناڵی (NRT) بە پلەی یەکەم بۆ وەرگرتنی وێنەی هەواڵ پشتی بە (ئاژانس) بەستوە دەگەڕێتەوە بۆ نەبون یاخود گرنگینەدان بە ڕوداوە ناوخۆییەکان لە چوارچێوەی ژانری هەواڵ.

خشتەی (٥)

٥- شێوازی ئەنجامدانی سازاندن (مۆنتاژ) لە هەردو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:

| کەناڵ / شێوازی مۆنتاژ | K24 | | | | | | NRT | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: چ | کۆ: % | ڕیزبەندی | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: چ | کۆ: % | ڕیزبەندی |
| بڕین | ٢ | ٥٥ | ٢٧.٧٣ | ٨٣٢ | ٩٥.٤١٢ | ١ | ١٦ | ٧٨ | ٥٠.٠٣ | ١٥٠١ | ٧٢.٤٧٧ | ١ |
| تێکەڵکردن | ٠ | ٤ | ٠.١٧ | ٥ | ٠.٥٧٤ | ٣ | ٠ | ١٣ | ٨.٤٠ | ٢٥٢ | ١٢.١٦٨ | ٣ |
| دەرکەوتن و شاردنەوە | ٠ | ٠ | – | – | – | – | ٠ | ١٣ | ٩.٩٠ | ٢٩٧ | ١٤.٣٤٠ | ٢ |
| سڕینەوە | ٠ | ١٧ | ١.١٧ | ٣٥ | ٤.٠١٤ | ٢ | ٠ | ٢١ | ٠.٧٠ | ٢١ | ١.٠١٥ | ٤ |
| کۆ | | | ٢٩.٠٧ | ٨٧٢ | ١٠٠ | | | | ٦٩.٠٣ | ٢٠٧١ | ١٠٠ | |

لە خشتەی ژمارە (٥) دەردەکەوێت، شێوازی ئەنجامدانی سازاندن و بەکارهێنانی کارتێکەری ڤیدیۆی بەکارهاتو لە هەردو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بەم شێوەی خوارەوەیە:

بەپێی خشتەکەی سەرەوە دەرکەوتوە کە کارتێکەری (بڕین - Cut) لە هەردو کەناڵی (K24 و NRT) بە پلەی یەکەم دێت، ئەمەش بە یەکێک لە گونجاوترین و ئاسانترین و کاریگەرترین شێوازەکانی سازاندن (مۆنتاژ) دادەنرێت لە ژانری هەواڵ، بەڵام لە پلەبەندی شێوازەکانی دیکەدا جیاوازی هەیە بە جۆرێک کەناڵی (NRT) سەرجەم جۆرەکانی کارتێکەری لە گەشتی هەواڵەکانیدا بەکارهێناوە بە بەراورد بە کەناڵی (K24)، ڕەنگە بەشێکی پەیوەندی بە ناوەڕۆکی ئەو هەواڵانەوە هەبێت کە لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە گرنگی پێدراوە بەجۆرێک هەڵیانداوە لەم ڕێگەیەوە کاری جوانکاری بۆ وێنە ڕۆژنامەوانییەکان بکەن، بەڵام بەپێی ئەزمونی توێژەر وەک مۆنتێر زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی کارتێکەرەکاندا کراوە.

خشتەی (٨)

٨- بەهای هەواڵ لە هەردو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:

| کەناڵ / بەهای هەواڵ | K24 | | | | | | NRT | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ | | ڕیزبەندی | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ | | ڕیزبەندی |
| | | | | چ | % | | | | | چ | % | |
| هەنوکەیی | ١ | ١٠ | ٤.٤٣ | ١٣٣ | ٢٣.١٧١ | ١ | ٩ | ٢٢ | ١٦.٨٧ | ٥٠٦ | ٢٧.٨٣٣ | ١ |
| ناوبانگ | ٠ | ٦ | ٢.٠٧ | ٦٢ | ١٠.٨٠١ | ٤ | ٠ | ١٣ | ٦.٧٧ | ٢٠٣ | ١١.١٦٦ | ٤ |
| نزیک | ١ | ٩ | ٣.٩٧ | ١١٩ | ٢٠.٧٣١ | ٣ | ٥ | ١٢ | ٨.٣٠ | ٢٤٩ | ١٣.٦٩٦ | ٣ |
| گرنگی | ١ | ١٠ | ٤.٤٣ | ١٣٣ | ٢٣.١٧١ | ١ | ٩ | ٢٢ | ١٦.٨٧ | ٥٠٦ | ٢٧.٨٣٣ | ١ |
| بایەخی مرۆیی | ١ | ١٠ | ٤.٢٣ | ١٢٧ | ٢٢.١٢٦ | ٢ | ٨ | ١٧ | ١١.٨٠ | ٣٥٤ | ١٩.٤٧٢ | ٢ |
| کۆ | | | ١٩.١٣ | ٥٧٤ | ١٠٠ | | | | ٦٠.٦١ | ١٨١٨ | ١٠٠ | |

لە خشتەی ژمارە (٨) دەردەکەوێت، بەهای هەواڵی بەکارهاتو لە هەردو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بەم شێوەی خوارەوەیە:

دوای ڕونکردنەوەی داتان، هەردو کەناڵی سامپلی توێژینەوەکە بەهەمان پلەبەندی کاریان لەسەر سەرجەم ئەو ڕوداوانە کردوە کە بەها و بنەمای بون بە هەواڵی تەلەڤزیۆنی تیدا بەدیدەکرێت لەکاتی ڕوماڵکردنی زانیارییەکان، بەهای (هەنوکەیی و گرنگی) زۆرترین گرنگی پێدراوە بە بەراورد بە بەهای (ناوبانگ) کەمترین کاری لەسەر کراوە لەلایەن هەردو کەناڵەوە.

خشتەی (٩)

٩- هاوسەنگی وشە و وێنەی بەکارهاتو لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەواڵ:

| کەناڵ / هاوسەنگی | K24 | | | | | NRT | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | سەرەتای هەواڵ | | | | | سەرەتای هەواڵ | | | | |
| | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | Correlations | توانای پەیوەندی | بەهای بەڵگەداری | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | Correlations | توانای پەیوەندی | بەهای بەڵگەداری |
| ناوەڕاست | ٣.٢٣ | ٢.١٦١ | ٠.٩٢٨ | ٠.٨٦٢ | ٠.٠٠٠ | ١١.٢٠ | ٢.٧٧٢ | ٠.٦٩٤ | ٠.٥٥٨ | ٠.٠٠٠ |
| کۆتایی | ٣.٥٠ | ٢.٣٠١ | ٠.٨٧٨ | | | ١٠.١٠ | ٢.٥٣٧ | ٠.٧٠٦ | | |

لە خشتەی ژمارە (٩)دا، توێژەر بۆ مەبەستی تێگەیشتن لە ئاستی هاوسەنگی دەق (وشە) و وێنە لە هەردو کەناڵی (NRT ،K24) وەک سامپڵی توێژینەوەکەی، بەم شێوەیە ڕونی دەکاتەوە بەجۆرێک:

پەنای برد بۆ بەکارهێنانی هاوکۆلکەی (Pearson Correlation-Coefficients)، بە مەبەستی بەجێگەیاندنی ئەو گریمانەیە یاخود ئەو ڕاستییەی کە دەڵێت(پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان هاوسەنگی لە سەرەتای هەواڵەکان لەگەڵ ناوەڕاست و کۆتاییدا، بەواتای ئەوەی گەر لە سەرەتای هەواڵدا دەق(وشە) و وێنە هاوسەنگ بن ئەوا لە ناوەڕاست و کۆتایشدا هاوسەنگ دەبێت)، لێرەشەوە دەرکەوت کە هەردو کەناڵ لە ڕوی هاوسەنگیی دەق و وێنە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەواڵەکاندا هاوسەنگن.

بە شێوەیەک هەواڵەکانی کەناڵی (K24) لەسەرەتای هەواڵدا پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی بەهێز بە بڕی (٠.٩٢٨) بەدی دەکرێت لەگەڵ هاوسەنگی دەق و وێنە لە ناوەڕاستی هەواڵەکاندا، بە هەمان شێوە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی بەهێز بەبڕی (٠.٨٧٨) هەیە لە نێوان هاوسەنگی دەق و وێنە لە سەرەتا و کۆتایی هەواڵەکاندا. ئەمەش بۆ هەردو پەیوەندییەکە ئاستی بەڵگەدارییان (٠.٠٠٠)یە، توانای پەیوەندییەکەیان ڕێژەی (٠.٨٦٢) بەدەستهێناوە.

بەڵام هەواڵەکانی کەناڵی (NRT) ڕێژەی پەیوەندی نێوان دەق (وشە) و وێنە کەمترە لە کەناڵ (K24)، بە شێوەیەک لەسەرەتای هەواڵەکاندا پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی مامناوەند بە بڕی (٠.٦٩٤) بەدی دەکرێت لەگەڵ هاوسەنگی دەق و وێنە لە ناوەڕاستی هەواڵەکاندا، بەڵام پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی بەهێز بەبڕی (٠.٧٠٦) هەیە لە نێوان هاوسەنگی دەق و وێنە لە سەرەتا و کۆتایی هەواڵەکاندا. ئەمەش بۆ هەردو پەیوەندییەکە ئاستی بەڵگەدارییان (٠.٠٠٠)یە، توانای پەیوەندییەکەیان ڕێژەی (٠.٥٥٨) بەدەست هێناوە، کە توانایەکی کەمترە بە بەراورد بە توانای پەیوەندیی کەناڵی (K24) لە ئاستی پەیوەندیی نێوان وێنە و دەق لەسەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییدا.

## ئەنجام:

لە کۆتاییدا لەبەر بنەمای ئەو ئامانجانەی کە ئەم توێژینەوەیەی لە پێناودا نوسراوە لەڕێگەی شیکارکردنی فۆڕمی شیکاری تایبەت بە بونی هاوسەنگی دەق و وێنە بە چەند ئەنجامێک گەیشتوە و لە چەند خاڵێکدا ئاماژەی پێدەکرێت:-

١. لە هەردو کەناڵ دەرکەوت ئەگەر هاوسەنگی بونی هەبێت لە نێوان ڕەگەزی وشە و وێنە لە سەرەتای هەواڵ ئەوە دەبێتە بنەمایەک بۆ دروست بونی هاوسەنگی لە نێوان هەردو ڕەگەز لە ناوەڕاست و کۆتایی هەواڵ.

٢. دەرکەوتوە لە کەناڵی (K24) ئەو هەواڵانەی کە ناوەڕۆکی (سیاسی، ئابوری، حزبی، حکومی، سەربازی، ژینگەیی و ئاینی) لەخۆدەگرێت هاوسەنگی لە نێوان دەق و وێنە بەدیدەکرێت بەبڕی جیاواز، بەڵام لە کەناڵی (NRT) تەنها لەو هەواڵانەدا هاوسەنگی بەدیدەکرێت کە ناوەڕۆکی (حکومی، حزبی و ڕێکخراوەیی)ن، کەواتە ڕادەی بونی هاوسەنگی لەڕو ناوەڕۆکەوە لەلایەن کەناڵی (K24) زیاتر گرنگی پێدراوە وەک لە کەناڵی (NRT).

٣. لەڕوی گرتەی بەکارهاتو هەردو کەناڵ بە پلەی یەکەم گرنگیان داوە بە گرتەی گشتی بەڵام لەڕوی گرنگیدان بە شێوازەکانی دیکەی گرتە جیاوازن، بە جۆرێک کەناڵی (NRT) بەشێوازێکی وردتر بە بەراورد بە کەناڵی (K24) کاریکردوە و توانویەتی ئەو یاسایە پەیڕەوبکات کە (گریفث) دایناوە لەکاتی خستەڕوی وێنە لەهەواڵەکان.

٤. هەردو کەناڵ لەخستەڕوی وێنەکان زیاتر گرنگیان بە گۆشەکانی (ئاستی بینین، خوارئاستی بینین، سەرو ئاستی بینین) داوە بەجۆرێک گۆشەی (ئاستی بینین) زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لەهەردو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە.

٥. هەردو کەناڵ بە پلەی یەکەم پابەند بون بە بەکارهێنانی کارتێکەری (بڕین – Cut)، ئەمەش بە شێواز و بنەمایەکی گونجاو سەرەکی دادەنرێت لە پرۆسەی سازاندن لە ژانری هەواڵ لە تەلەڤزیۆن.

٦. دەرکەوتوە هەردو کەناڵ؛ کاریان لەسەر بەکارهێنانی سەرجەم ژانرەڕۆژنامەوانییەکان کردوە بەجۆرێک لە (NRT)دا ژانری هەواڵ زۆرترین گرنگی پێدراوە بەڵام کەناڵی (K24) زۆرترین گرنگی بۆ ژانری ڕاپۆرت بوە، زۆرترین گرنگییان بۆ ئەو هەواڵانە بوە کەلە ڕوی ناوەڕۆکەوە حکومی و سەربازی ئامێزن، لەبەرئەوەی هەردوکیان کەناڵی سیاسی و هەواڵین.

٧. بەها بەیەکێک لە گرنگترین ئەو بنەمایانەن کە زانیارییەکانی لێوە دەکرێنە هەواڵ بەجۆرێک لە هەردو کەناڵدا دەرکەوتوە؛ ئەو زانیارییانەی کە (هەنوکەیی و گرنگن) بە بنەمای یەکەم دادەنرێت و زۆرترین کاری لەسەرکراوە و بەشێوازێکی ئاشکرا دەقە میدیاییەکان نوسراون، لە هەریەک لە کەناڵی (K24 وNRT) کەمترین گرنگی دراوە بە بەهای (ناوبانگ) چونکە ئەم بنەمایە زیاتر گونجاوە لەگەڵ ئەو کەناڵانەی کە هەمەچەشنن، کەواتە ئاستی گرنگی پێدانی هەردو کەناڵ بە بنەماکانی هەواڵ و شێوازی ئاڕاستەکردنی دەقە میدیایەکان هەمان پلەبەندییان هەیە بە ڕێژە و ناوەندە ژمێرەی جیاواز، لەڕوی وەرگرتنی وێنە (K24) بەڕێژەیەکی زۆر گرنگی بەو وێنانە داوە کە ناخۆیین لە کاتێکدا کەناڵی (NRT) زۆرترین وێنەی هەواڵەکانی لە سەرچاوەکانی ئاژانس وەرگرتوە.

## ڕاسپاردە:

دوای ئەوەی توێژەر لە ڕێگەی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەی بە چەند ئەنجامێک گەیشتوە لەبەر مەبنای ئەو ئەنجامانە بە باشی زانی چەند ڕاسپاردەیەک بخاتە بەردەم هەردو کەناڵی سامپلی توێژینەوەکەی وەک:

١. پێویستە هەردو کەناڵ؛ لەکاتی بەکارهێنانی وێنە ڕەچاوی گرتە و گۆشە و جوڵەی دیمەکان بن و هاوسەنگ و ماناداری دەقە هەواڵییەکە بن لە ڕوی فۆرم و لۆژیکەوە، چونکە ناکرێت زیادەڕۆیی لەبەکارهێناندا بکرێت.

٢. باشتر وایە هەردو کەناڵ گرنگی زیاتر بە بنەمای هاوسەنگی بدەن لە نێوان هەردو ڕەگەزی دەق و وێنە، هەوڵ بدەن وێنە تێکست دوبارە نەکاتەوە بەڵکو بۆ هەر وشەیەک وێنەیەکی تازە یاوەری بکات بەبێ دوبارە کردنەوەی دیمەنەکان.

٣. واباشە هەردو کەناڵ گرنگی بەو هەواڵانە بدەن کە ناوخۆیین لەڕوی زانیاری و سەرچاوە، هەوڵی دروستکردنی بالأنس بدەن لەنێوان ئەو ژانرە ڕۆژنامەوانیانەی کە بەشدارن لە پێکهێنانی گەشتی هەواڵەکان لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەها و بنەماکان لە ڕوی ناوەڕۆک و کەسایەتی. ئەمە جگەلەوەی پێویستە لە پاڵ هەواڵە گەرم و هەنوکەییەکان گرنگی بە هەواڵی نەرم بدرێت بە ئامانجی کەمکردنەوەی ئەو بارگرانییە دەرونی و کۆمەڵایەتییەی دەکەوێنە سەر شانی وەرگر

٤. پێویستە هەواڵسازانی هەردو کەناڵی (K24وNRT) لەکاتی نوسینی ناوەڕۆکی بابەتە هەواڵییەکان ڕەچاوی ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بینەر بن.

٥. پێویستە لەسەر هەردو کەناڵ چوارچێوەیەکی ئازادی فەراهەم بکەن بۆ ڕۆژنامەنوسان لەبواری هونەری و نوسین، لەگەڵ بەشدارپێکردنی ڕۆژنامەنوسان بەخول و ئاشناکردنیان بە بەرنامە و پرۆگرامی تازە و شێوازی نوسینی پێشکەتو زانیارییە میدیاییەکانیان ئاڕاستەی بینەر بکەن.

# The balance between text and image in TV news editing The example of the 8:00 PM news bulletin on NRT & K24 Analytical and comparative research

**Yohan Othman Hama[1] - Shna Ahmed Amin[2]**

[1+2]Department of Media, College of Humanities, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**

This research entitled (The Balance between text and image in TV news editing) is an attempt to clarify the balance between two main elements, which are text and image in the TV news editing process on Kurdish satellite channels. The research explores how TV channels use text-image balance in news broadcasting.

The main objective of this study is exploring the methods of balancing between text and image in news editing. The researcher relies on descriptive and content analysis methods to achieve its objectives. The research follows some methods of collecting data including monitoring and note-taking, interviews, surveys.

The main finding of this research is: K24 keeps balance between text and image in news stories related to political, economic, partisan, governmental, military, environmental, and religious. In contrast, NRT follows balancing only in news stories involving governmental, partisan, and organizational. The results show that K24 is using balance more than NRT. This research also shows that both channels are working on that breaking news and current affairs by using description and showing the images when available. In their news editing they show the same angles and frames that are new and they use different sources. They use more (Cut effect) in editing, which is one of the crucial and suitable effects of news editing on TV.

**Keywords:** Balance, Text , Image, Editing, TV News.

## پەراوێز:

(محمد مفتاح): توێژەرێكی ئەكادیمی مەغریبییە، لە ساڵی (١٩٤٢) لە (بالدار البیضاء) لەدایكبوە، دواتر لە ساڵی (١٩٦٦)دا توانیەیەتی لە بواری ئەدەبی عەرەبی ئیجازە وەربگرێت و پاشان بڕوانامەی دكتۆرای بەدەست هێناوە، ئەم توێژەرە سەرەتا وەک مامۆستا لە خوێندنگە ئامادەییەكان وانەی وتوەتەوە دواتر بوەتە مامۆستا لە كۆلێژی ئاداب لە زانكۆی (محمد الخامس بالرباط)، و سەرپەرشتی چەندان نامەی ماستەر و تێزی دكتۆرای كردوە، جگە لە مەغریب لە زانكۆی (برنسون) لە ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا دەرسی وتوەتەوە، چەندەها بەرهەمی چاپ و بڵاوكردۆتەوە لە بوارە جیاوازەكان، و خاوەنی ژمارەیەک خەڵاتی گەورەیە لە ساڵەكانی (٢٠١٦، ٢٠١١، ٢٠١٠، ٢٠٠٤، ١٩٩٥، ١٩٨٩، ١٩٨٧) كە سەرجەم خەڵاتەكان لە بواری ئەدەب و نوسیندا بوە.

(ئەنتۆنی غیبز – Anthony Gibbs): لە ساڵی(١٩٢٥) لەدایكبوە و لە ساڵی(٢٠١٦) كۆچی دوایی كردوە، وەک سازێنەری فیلم و بابەتە تەلەڤزیۆنییەكان كاریكردوە، خاوەنی زیاتر لە (٤٠) خەڵاتە لە بواری سینەما و ئەندامی كۆمەڵەی سازێنەرانی فیلمی سینەمایی ئەمریكی بوە.

(كارل ڕیز – Karel Reisz): لە ساڵی(١٩٢٦) لە (Ostrava)ی بەریتانیا لەدایک بوە و لە ساڵی(٢٠٠٢) كۆچی دوایی كردوە، كاری دروستكەری فیلم بوە، سەرەتای كاركردنی لەم بوارەدا دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی ساڵانی (١٩٥٠) و (١٩٦٠)، و دو لەو بەرهەمە بەناوبانگانەش كە وەک دەرهێنەر كاری بۆكردون بریتین لە(Saturday Night and Sunday Morning)لە ساڵی(١٩٦٠) و (kitchen sink realism) لەگەڵ (The French Lieutenant's Woman).

(تۆماس ئەدیسۆن –Tomas Alva Edison): دەرهێنەر و بازرگانێكی بەناوبانگی ئەمریكی بوە، لە ساڵی(١٨٤١ بۆ ١٩٣١) ژیاوە، لەو ماوەیەی كەلە ئیدارەی كۆمپانیای (ادیسون جنیرال) بوە كۆمەڵێک پێشنیار و كاری بۆ بەرهەمهێنانی هەندێک ئامێر كردوە كە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی گرنگی هەبوە لەوانە: الفونوغراف، كامێرای سینەمایی، گڵۆپی كارەبایی،...هتد، توانیویەتی یەكەم ستۆدیۆی فیلم لەسەر ئاستی جیهان لە ویلایەتی نیوجێرسی لە ئەمریكا دروست بكات.

(نصیر بوعلي): كەسێكی شارەزا و پسپۆری بواری ڕاگەیاندنە، بەڕێوبەر و سەرنوسەری چەندەها گۆڤار و ڕۆژنامە بوە لە كات و ساتی جیاوازدا لەوانە (گۆڤاری المعیار، گۆڤاری الهدی، ڕۆژنامەی زانكۆی الشارقە...هتد) وە یەكێک بوە لە ڕۆژنامەنوسە باوەڕپێكراوەكانی ڕۆژنامەی (الروحدة الاسبوعیة) لە ساڵانی (١٩٨٦ بۆ ١٩٩٣)، نوسەری گوتار بوە لەو گۆڤارانەی كە تایبەتن بە ڕاگەیاندنی هاوچەرخ لە نێوان ساڵانی (٢٠٢١ بۆ ٢٠١٣) لەوانە (ڕۆژنامەی الرؤیة الاماراتیة و گۆڤاری المنبر الجامعي)، دانەری كتێبێک بوە لە بواری تیۆری حەتمییەت. هەریەک لە بڕوانامەی بەكالۆریۆسی و ماستەر و دكتۆرای لەبواری ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بەدەست هێناوە لە زانكۆی (الجزائر١).

## سەرچاوەکان

ئەسعەد، چۆلی (٢٠١٣)، زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا، چاپخانەی کمال، سلێمانی.

ئەسعەد، چۆلی (٢٠١٨)، تەلەڤزیۆن – هونەری نوسین و پێشکەشکردن، چاپی یەکەم، چاپخانە(ناوەندی سارا)، سلێمانی.

جەلال، سامان(٢٠١٨)، هونەرەکانی ڕۆژنامەوانی (تەلەڤزیۆن... ڕادیۆ... ڕۆژنامە... میدیای ئەلیکترۆنی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

دزەیی، عبدولواحید موشیر (٢٠٢١)، نیشانە و دەق و واتا، چاپی یەکەم، هەولێر.

سالح، عەبدولقادر (٢٠٢٠)، هەواڵی ڕۆژنامەنوسیی، چاپخانەی سارا، سلێمانی.

سدقی، مەنسور (٢٠٠٨)، هەواڵ، ڕاپۆرت و وتوێژ، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

سەلام(٢٠٠٧)، پریمیەر بۆ مۆنتاژی فیلم و کلیپ، سلێمانی.

عەلی، کاروان (٢٠٠٤)، هونەری ڕۆژنامەنوسی (هەواڵ – ریپۆرتاژ – گفتوگۆ – وتار)، چاپی یەکەم، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی.

کەریم، سەلام فەرەج (٢٠٠٩)، گەشەسەندنی درامای کوردی (١٩٧٥-١٩٩٥)، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلوجی، سلێمانی.

نەقشبەندی، هەردەوان (٢٠١٤)، دەروازەیەک بۆ دیزاین و دەرهێنانی ڕۆژنامەگەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

وەلی، ڕێبوار کەریم (٢٠٠٨)، بنەماکانی نوسینی هەواڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

دوەم – پەرتوکی وەرگێردراو بۆ کوردی:-

سەیاد، فریبا – فەرهەنگی، عەلی ئەگبەر (٢٠٠٨)، نەریتی ڕۆژنامەوانی، وەرگێران: کارزان محەمەد، چاپی دوەم، چاپخانەی ڕۆمان، سلێمانی.

کاتر، ستیڤن د.(٢٠٠٨)، دەرهێنانی فیلم... گرتە لە دوای گرتە، وەرگێران: کاسترۆ مەجید، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان.

فاروق، کەمال(٢٠١٣)، دەروونناسی میدیایی، وەرگێران: محەمەد عەبدوڵلا کەلاری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

کەرکوکی، حەبیب(٢٠٠٨)، پێشەکییەک بۆ زانستی ڕاگەیاندن، وەرگێران: ڕابەر ڕەشید، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

ماکدۆگاڵ، پ.کورتیس (بێ ساڵی چاپ)، بنەماکانی هەواڵنوسین، وەرگێران: هەندرێن شێرزاد سلێمان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی بەشی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕادیۆ نەوا.

نەژاد، کازمی موعتەمەد(بەبێ ساڵ و شوێنی چاپ)، ڕۆژنامەگەری، وەرگێران: مەجید ساڵح عەزیز.

إبراهيم، إسماعيل (١٩٩٨)، فن التحرير الصحفي، دار الفجر للنشر والتوزيع، مصر.

الجمل، احمد ناجي – التميمي، رافد إبراهيم (٢٠١٨)، الكاميرا والتصوير الرقمي، ط١.

بهجه، نجلا أبو (٢٠١٠)، خارج الصورة انت غير موجود، شركة المجموعة الطباعية.

الشعراوي، احمد (٢٠٢٠)، مدخل الي التحرير الإعلامي، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية.

ثامر، فاضل (١٩٩٤)، اللغة الثانية، ط١، المركز الثقافي العربي، بيروت.

ثاني، قدور عبدالله (٢٠٠٤)، سيميائية الصورة(مغامرات سيميائية في اشهر الارساليات البصرية في العالم)، دار الغرب للنشر والتوزيع.

خرعل، عبد البني (٢٠١٠)، فن تحرير الاخبار والبرنامج في الفضائيات التلفزيونية والقنوات الاذاعية، ط١، دار النهضة العربية بيروت، بيت الحكمة، العراق.

خضور، اديب (٢٠٠٨)، مدخل الي الصحافة نظرية و ممارسة، ط٣، المكتبة الإعلامية (٢١)، دمشق.

رشيد، نهلة أبو (٢٠٢٠)، كتابة وتحرير الاخبار(١)، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية.
السيد، محمد عبد البديع (٢٠٠٢)، مبادئ الإخراج الإذاعي والتلفزيوني، مكتب رشيد للنشر والتوزيع، الزقازيق.
شريف، سامي – سليم، عصام نصر (٢٠٠٧)، الإخراج الإذاعي و التليفزيوني.
شنب، و الاخرون، حسين أبو (٢٠١٦)، انتاج المواد الإعلامية.
العريفي، محمد بن عبد الرحمن (١٤٣١- ٢٠٠٩)، الرسوم المتحركة واثرها عقيدة الناشئة.
عمر، الفرا عبدالله (١٩٩٩)، تكنولوجيا التعليم والاتصال، دار الثقافة، عمان، الاردن.
محمد، ولات (٢٠٠٧)، دلالات النص الاخر في عالم جبرا إبراهيم جبرا الروائي، منشورات الهيئة العام السوريه للكتاب، دمشق.
معسعس، رياض (بدون المكان والسنة، التقنيات الصحافة الموسوعة والمرئية، دار النينوي للدراسات والنشر والتوزيع.
نصار، ايمن عبدالحليم (٢٠٠٧)، البرنامج الوثائقية، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.
دوەم – پەرتوكی وەرگێردراو بۆ عەرەبی:-
جانيتي، لوي دي (١٩٨١)، فهم السينما، ترجمه: جعفر علي، دار الرشيد، بغداد.
ديك، ك. برنارد ف – (٢٠١٣)، تشريح الأفلام (الفن السابع ٢٣٤)، ترجمه: محمد منير الاصبحي، منشورات وزارة الثقافة – المؤسسة للسينما، الجمهورية العربية السورية، دمشق.
زيتل، هربرت (٢٠٠٤)، المرجع في الانتاج التلفزيوني، ترجمه: سعدون الجنابي – خالد الصفار، دار الكتاب الجامعي، العين.

Bazerman, C., (2009). Handbook of research on writing: History, society, school, individual, text. Routledge..
Reisz, K. and Millar, G., (1971). The technique of film editing.
Shuttleworth, M. and Cowie, M., (1997). Dictionary of translation studies. Manchester: St. Jerome Publishing.
Thompson, Roy, (2006.)Grammar of the Shot, Published by Elsevier Ltd, Linacre House, Jordan Hill, Oxford OX2 8DP, UK.

حسەین، جەمیلە ئەحمەد (٢٠٠٨)، شێوازی وتار لە ڕۆژنامەی کوردیدا، نامەی ماستەر، بڵاونەکراو، (زانکۆی کۆیە، کولێژی زمان).
ڕەسول، بابا ڕەسول نوری (٢٠١٣)، شیکردنەوەی دەق (نوکتە بە نمونە)، نامەی دکتۆرا، بڵاونەکراو، (زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی پەروەردە، زمانی کوردی).

باديس، محمد (٢٠١٧)، مفهوم النص و قراءته في الفكر العربي المعاصر، أطروحة الدكتوراه، غير المنشور، (جامعة وهران١ احمد بن بلة، كلية: الاداب و اللغات، قسم: اللغة العربية و ادبها، الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية).
بخولة، بن الدين (٢٠١٦)، الاسهامات النصية في التراث العربي، أطروحة الدكتوراه، غير المنشور، (جامعة وهران١ احمد بن بلة، كلية: اداب و اللغات، قسم: اللغة العربية و ادبها).

حليمه، الاخرون، جعفر خوخه (٢٠٢٠)، أنواع النصوص في مناهج اللغة العربية (السنة اولي متوسط – انموذجا)، لحصول علي شهادة الليسانس، (جامعة اكلي محند اوحاج – البويرة، كلية: الاداب واللغات، قسم: اللغة والادب العربي).

الزعبي، اشرف فالح (٢٠١٠)، الدور الاتصالي للمخرج في العمل الدرامي التلفزيوني، رسالة الماجستير، غير المنشور، (جامعة: الشرق الأوسط، كلية: الاعلام).

العاني، اثناء إسماعيل رشيد (٢٠٠٧)، صناعة الاخبار في قناة العراقية الفصائية، أطروحة الدكتوراه، غير المنشور، (جامعة: بغداد، كلية: الاعلام).

العمرو، عامر إبراهيم (٢٠١٥)، تقيم الصحفيين الأردنيين لمهنية الاخبار في التلفزيون الأردني، رسالة الماجستير، غير المنشور، (جامعة البترا، كلية: الاعلام، الأردن).

عثمان، صباح حسن (٢٠١٩)، إدارة المؤسسات الإعلامية وانعكاساتها علي انتاج الرسالة التلفزيونية بالتطبيق علي تلفزيون السودان في العام(٢٠١٧م وحتي ٢٠١٩م)، رسالة الماجستير، غير المنشور، (جامعة: السودان للعلوم والتكنلوجيا، كلية: دراسات العليا).

محمد، احمد ضياءالدين (٢٠٠٧)، التخطية الإخبارية للشؤن العراقية في قناة دبي الفضائية، أطروحة الدكتوراه، غير المنشور، (جامعة بغداد، كلية: الاعلام، قسم، الصحافة الاذاعية والتلفزيونية).

ملياني، وريدة علي (١٩٩٩)، عوامل تشكيل القيم الإخبارية في التلفزيون الجرائير، رسالة الماجستير، غير المنشور، (جامعة بغداد، كلية: الاداب، قسم: الاعلام، بغداد).

سمۆ، ئیبراهیم ئەحمەد - ئیبراهیم، ئارام یوسف (حوزەیرانی ٢٠١٤)، ڕۆڵی دەقی درامایی دهندەک حیکایەتێن مەلا مەحمودێ بایزیدیدا، گۆڤاری: زانکۆی کۆیە(گۆڤارێکی ئەکادیمییە) هەمان زانکۆ دەریدەکات، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ژمارە٣٢.

عارف، فاخر عەلی (پاییزی ٢٠٢٠)، هاوسەنگی ژینگەیی لە ژینگەپارێزی بارزانییەکاندا، گۆڤاری توێژەر، بەرگی :٣، ژمارە: ٣.

تروش، حسين (بدون السنة)، دور الصور التلفزيونية في تفعيل الادراک الذاتي والمعرفي عند الأطفال، مجلة التربوية، جامعة: الكويت، عدد: ٧١.

شعباني، الاخرون، عبدالقادر (٢٠٠٦)، المعالجة الخبرية التلفزيونية العربية بين المطلبات المهنية والتواجهات السياسية، سلسلة بحوث ودراسات إذاعية (٥٨) تونس، اتحاد اذاعات الدول العربية.

عدوان، نواف (١٩٩٢)، البث المباشر وسبل مواكبة، مجلة الإذاعات العربية، العدد:١.

لمام، فتحية (٢٠٢٠\٦\٢٨)، الصورة التلفزيونية الإخبارية بين الموضوعية والأيديولوجية - دراسة سيميولوجية لموضوع تحويل السفارة الامريكية في إسرائيل من تل ابيب الي القدس عبر قناتيCNN والجزيرة الإخبارية)، مجلة جماليات، المجلد:٠٧، العدد:١٠.

يوسف، احمد(١٩٩٩)، عالم وثقافة العين، مجلة متابعات إعلامية، العدد:٦٤.

علي (٢٠١٦)، توازن الصحفي علي حبل المهنية، ئونلاين،

https://institute.aljazeera.net/ar/ajr/article/468?fbclid=IwAR2lyTUfz3ldP02Ya4sffkuxeBU7RhoRy8zjgTa-46Lz7tu_2k_gL2Au_Io , (6|5|2022, 6:30 PM)

https://www.encyclo.co.uk/meaning-of-body_text , (20|7|2022, 2:00 PM)

https://www.noor-book.com/tag/ , (30|8|2022, 1:00PM)